دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدرالدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧٠٢، دووشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٥ی ژوئەنی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

• پەیامی هاوخەمیی مستەفا هیجری سەبارەت بە کۆچی دوایی عەزیز محەممەد ل٣

• لە سەر پرسی یەکگرتنەوە، دوو دەفتەری سیاسی کۆبوونەوە ل٢

• هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە سەرەخۆشیی نەوشیروان مستەفادا کرد ل٢


گرینگیی ڕۆڵی ژنان لە سەرکەوتنی خەباتدا ٤



سیاسەتی شەڕخوازیی ڕێژیمی ئێران ٥



شیعر و هونەری بەرگری شادەماری ڕاسان و ... ٨



ئێران بە نیسبەت هەرێمی کوردستان و پرسی... ١٠



# ئامریکا دژکردەوەکانی لەدژی ئێران چڕ دەکاتەوە



لە پاش دانانی بەرپرسی نوێ بۆ کاروباری ئێران لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئامریکا و هەروەها واده و بەڵێنییەکانی دۆناڵد ترامپ لەمەڕ ئەنجامدانی هەنگاوی بەکردەوە لەمەڕ کورت کردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە، ڕێکخراوی سیای (CIA) ئامریکا ژوورێکی تایبەتی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی زانیاری و سیخوڕی دژی ڕێژیمی ئێران دروست کردووە.

ڕۆژنامەی "وال ستریت ژورناڵ" لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە کە؛ ڕێکخراوی سیای (CIA) ئامریکا ژوورێکی تایبەتی بۆ ئۆپەراسیۆنی زانیاری و سیخوڕی دژی ڕێژیمی ئێران دروست کردووە و دژی ئەو ڕێژیمە کار و چالاکی دەکات.

ئەو ڕۆژنامەیە باسی لەوەش کردووە کە؛ دۆناڵد ترامپ بەرنامەی دژی ئێران لە ئەولەویەتی کاری خۆی داناوە و بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ئەرکی ئەو ژوورە کۆکردنەوەی شرۆڤەکاران، پێرسۆنێل و شارەزایانی ئۆپەراسیۆن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی شاراوە لە بارەی ئێراندایە.

"مایک پمپئو" بەڕێوەبەری سیا یەکێک لە دژبەرە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێرانە.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر ڕۆژنامەی "نیۆیۆرک تایمز" لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردەوە کە؛ دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئامریکا بۆ بەشی کاروبارە پێوەندیدارەکان بە ڕێژیمی ئێران بەرپرسێکی نوێی دیاری کردووە.

"نیۆیۆرک تایمز" شوناسی ئەو بەرپرسەی بە "مایکل دی ئاندرێئا" ڕاگەیاندووە کە نازناوی "شازادەی تاریک"ی هەیە و لە سەردەمی سەرکۆماریی ئۆبامادا بەرنامەی "کوشتنە ئامانجدارەکانی" لە ئەستۆ بووە.

هەروەها "بیزنس ئینسایدێر" یەکێک لە ماڵپەرەکانی ئامریکا لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە کە؛ "دۆنالد ترامپ لە هەوڵی ڕێکخستن و گرێچنی هەموو پارچە پێویستەکانە بۆ دژایەتی کردنی ئێران".

ڕێژیمی ئێران بە سەرەکیترین وڵات بۆ پشتیوانی لە تێرۆریزم لە جیهاندا ناسراوە.

لەسەرەتای مانگی جۆزەرداندا و دوابەدوای سەفەرەکەی دۆناڵد ترامپ بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ڕۆژنامەی "الرای" کویت لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە؛ ئامریکا ڕێژیمی ئێرانی ئاگادار کردووەتەوە، ئەگەر سەربازانی ئامریکایی لە عێراق و سووریە زیانێکیان پێ بگات، ئامریکا هێرش دەکاتە سەر پایەگا نیزامییەکانی ئێران لە نێوخۆی ئەو وڵاتە.

هەر لەمبارەوە ژەنەڕاڵ "مارتین دێمپسی" سەرۆکی پێشووی ستادی هاوبەشی ئەرتەشی ئامریکا لە دانیشتنێکی کۆنگرەی ئامریکادا ڕایگەیاندبوو؛ ڕێژیمی ئێران بەرپرسیاری کوژرانی هەزار سەربازی ئامریکایە.

وەزیری بەرگریی ئامریکا، جەیمز مەتیس، ڕێکەوتی ٦ی جۆزەردان لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی تەلەفزیۆنیی "سی بی ئێس" وتبووی: شوێنپێی ئێران و سپای پاسدارانی ئەم ڕێژیمە لە هەر شوێنێکدا کە بشێوی و توندوتیژی دەبیندرێت هەیە، هەر لە لوبنانەوە بگرە تا دەگاتە یەمەن؛ هەروەها لە سوریە و عێراق و بەحرەین و هەموو شوێنێک.

ناوبراو هەروەها وتبووی: کۆماری ئیسلامی تەنانەت دەس لە تێرۆری کەسایەتییە بیانییەکانیش ناپارێزێ و لەم ڕاستایەدا بەتەما بوو باڵوێزی عەرەبستان لە واشنگتۆن بکوژێت.

لە ڕەزبەری ساڵی ٩٠ی هەتاویدا هێزە ئامریکاییەکان توانییان "مەنسوور ئەرباب سییەر" کە بە ڕەچەڵەک ئێرانییە دەستبەسەر بکەن کە دەیویست عادل ئەلجۆبەیر باڵوێزی ئەو کاتی سعوودیە لە ئامریکا تێرۆر بکات؛ دواتر ئاشکرا بوو کە ئەم تێرۆریستە ئێرانییە لە ڕێگەی هێزی قودسی سپای پاسدارانەوە دنە دراوە تاکوو ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدات.

کۆی ئەم ڕووداوانە لەکاتێکدا ڕوو دەدەن کە بەپێی دوایین هەواڵ و زانیارییەکان، کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوامە لە تاقیکردنەوەی مووشەکی بالێستیک کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەکی ناوکیی هەیە و ئەمەش بەپێچەوانەی بڕیارنامەی شۆرای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

هەروەها لەماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا کۆمەڵێک بەڵگەی نوێ لەمەڕ دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە و نانەوەی ئاژاوە و گێرەشێوێنی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بڵاو کراوەتەوە کە دەیسەلمێنن ڕێژیمی تاران بە پڕچەک کردنی گرووپە توندڕەوەکانی وەک تاڵیبان، حوسییەکان، عەلەوییەکان و حیزبوڵڵا هەوڵی ناسەقامگیرترکردنی ناوچە دەدات.

# پڕیشکەی ئاگرەکەی تاران وڵاتی قەتەری گرتەوە



کوردستان میدیا: پڕیشکەی ئاگر و ئاژاوەگێڕییەکانی تاران قەتەری گرتەوە و لە ئەنجامدا بەحرەین، عەرەبستانی سعوودی، میسر و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی وڵاتەکانیان وازیان لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەر هێنا.

بەپێی هەواڵی هەواڵدەرییەکان، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ ڕێکەوتی ١٥ی جۆزەردان، هەریەک لە وڵاتانی بەحرەین، عەرەبستانی سعوودی، میسر و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، لە چەند ڕاگەیەندراوی هاوشێوەدا پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی خۆیان لەگەڵ وڵاتی قەتەر پچڕاند و ڕایانگەیاند: بەهۆی پشتیوانییەکانی قەتەر لە تێرۆریزم و بۆ پاراستنی ئەمنیەتی وڵاتەکانمان واز لە پێوەندی لەگەڵ قەتەر دەهێنین.

لە بەیانییەیەکدا کە هەواڵدەریی فەرمیی بەحرەین بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: ئەم وڵاتە هەموو پێوەندییە دەریایی و هەواییەکانی خۆی لەگەڵ قەتەر پچڕاندووە و ١٤ ڕۆژ کاتی داوە بە شارۆمەندانی قەتەری کە بەحرەین بەجێ بهێڵن.لە ڕاگەیەندراوەکەی عەرەبستانیشدا هاتووە: ئەم وڵاتە پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی خۆی و سەرجەم ڕێڕەوە دەریایی و زەوینی و هەواییەکانی لەگەڵ قەتەردا، لەڕاستای پاراستنی ئەمنیەتی وڵاتەکەی لەبەرانبەر مەترسییەکانی تێرۆریزم و بونیادگەرایی، بەستووە.

ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دیپلۆماتە قەتەرییەکانی بە پشتیوانی و دابین کردنی سەرچاوەی ماڵی و نیزیکایەتی لەگەڵ تێرۆریزم، تایفەگەری و بونیادگەرایی" تۆمەتبار کردووە و ٤٨ کاتژمێر کاتی بۆ دیاری کردوون تاکوو ئیمارات بەجێ بێڵن.

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی میسر ڕایگەیاندووە؛ سەرجەم ڕێڕەوە هەوایی و دەریاییەکانی خۆی بەڕووی قەتەردا دەبەستێت؛ ئەمەش بەهۆکاری ئەمنیەتی نەتەوەیی وڵاتەکەی. دەوڵەتی قاهێرە قەتەری بەوە تۆمەتبار کردووە کە پشتیوانی لە تێرۆریستەکان، لەوانەش ئەندامانی ڕێکخراوی ئیخوانولموسلێمین دەکات.ئەم هەڵوێستەی وڵاتانی ئاماژەبۆکراو دوابەدوای ئەوە هاتە ئاراوە کە؛ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەمیری قەتەر، شێخ تەمیم حەمەد ئالی سانی، لە وتووێژێکی تێلێفۆنیدا لەگەڵ حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ڕێژیمی تاران، باسی لە "بەهێزکردنی هاوکارییەکانی لەگەڵ ئێران" کردووە و وتوویەتی: هیچ هۆکارێکی لۆژیکییانە بۆ دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی نابیندرێت.

## پەیڤ

### تێرۆریزمی دووسەر

**کەریم پەرویزی**

مەتەڵێکی کوردی هەیە کە دەڵێ؛ گەر مارت بریندار کرد و نەتکوشت، بە ڕێبوارانەوە دەدا و ڕەنگە ڕۆژێک بە خۆتیشەوە بدات. ئەمە چیرۆکی ئەم ساڵانەی دوایی ئورووپا و ئامریکایە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پرکێشە و ستەمکاریدا، بێداد و چەوسانەوە و سەرەڕۆیی حوکم دەکا و دەسەڵاتی هەموو کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە. لە وەها جوغرافیایەکی سیاسیدا، سەرکوت و بێداد هۆکارن بۆ نارەزایی دەربڕین و لەولاشەوە، بڕوا و بیرۆکەی دژەئازادی و کۆنەپەرستانە، هۆکاری سەرەکیی پەرەدان بە ستەم و توند و تیژین.

لەم گۆماوە لێڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تێرۆریزم، تێرۆریزم بەرهەم دێنێتەوە و توندئاژۆیی دەکرێ بە بیانوویەک بۆ توندئاژۆیی بەرانبەر. بەم شێوازە، سیمای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پڕە لە ئاگر و ئاسن و خوێن!

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش کە ماکەی هەموو ئیدئۆلۆژیە تێرۆریستییەکانە، لە توندو تیژی و توندئاژۆیی سەلەفی جیهادییەکانی هەڵقوڵاوی ئەشکەوتە تاریکەکانی دواکەوتوویی، کەڵکی نابجێ وەردەگرێ و هەم بە ڕواڵەت دژایەتییان دەکا و هەم ژێربەژێر هاندەر و یارمەتیدەریان دەبێ، هەر وەک چۆن لە پێوەندیی کۆماری ئیسلامی و تاڵیباندا بەڵگە دەرکەوت و وتەبێژی تاڵیبان باسی ڕێککەوتنیانی لەگەڵ تاران کرد.

چەند ساڵێکە لە سووریە، هەموو توندئاژۆیی وتێرۆریزمێک بە ڕواڵەت جیاواز، بەڵام بە نێوەڕۆک یەکسان و هاوشێوە گێژاو دەنێنەوە و گەردەلوولی دژایەتیی ژیانی ئازاد و بەختەوەرانە هەڵ دەکەن. کۆماری ئیسلامی و کلک و لق و دەسکەتەورەکانی، زۆرانبازی لەگەڵ ئەلقاعیدە و بەرەی نوسرە و داعش و ... دەکەن و ژێر بەژێریش یارمەتیی یەکتر دەدەن تاکوو هیچیان لە نێو نەچن و بەم شێوەیە بیانووی درێژەدان بن بۆ یەکتری .

لەم گێژاوی دژە مرۆییەدا هەڵوێستی ئورووپا و ئامریکا، هەڵوێستێکی ناتەواو بووە و هەرچەند بۆردومانی داعشیان کردووە و هەڕەشەیان لە بەشار ئەسەد و کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا و دۆستانیان کردوە، بەڵام هەڵوێستەکانیان وەکوو بریندار کردنی ماری مارخۆر بووە!

جیهانی ڕۆژئاوایی وایان دەزانی گەر شەڕی سووریە گەمارۆ بدرێ، جار جارێکیش لایەنێکیان لاواز بکرێ، دەتوانن بەڵای تێرۆریزم لە خۆیان دوور بخەنەوە و ئاگری شەڕ تەنیا سووریە و عێراق دەگرێتەوە و لەو چوارچێوەدا

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# لە سەر پرسی یەکگرتنەوە، دوو دەفتەری سیاسی کۆبوونەوە




بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، بە سەرپەرستیی هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەو دیدارەدا چۆنیەتیی درێژەدانی دیالۆگ لە پێناوی یەکگرتنەوەدا باس کرا و هەیئەتەکانی هەردوو لایەن ڕاسپێردران بۆ درێژەی دانیشتنەکان.

لە درێژەی دانیشتنەکانی هەردوو دەفتەری سیاسیدا، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٠ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ٣١ی مای ٢٠١٧ی زایینی، بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی بە سەرپەرەستی هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسییەوە بە سەرپەرەستی بەڕێز کاک مستەفا هیجری پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دوو لایەن چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی ئەرکی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان خستە بەرباس و هەر دوو دەفتەری سیاسی دوای باسێکی ورد و هەمەلایەنە لەو پێوەندییەدا، هەیئەتەکانی هەردوو لایان ڕاسپارد بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێوشوێنانەی لە ئاکامی باسەکانی ئەو کۆبوونەوەدا دیاری کران، هەوڵ بدەن بۆ درێژەدان بە کۆبوونەوەکانیان و گەیشتن بە ڕێکەوتنێک کە هەم ئاکامەکەی یەکگرتنەوەی حیزب بێ و هەم لە داهاتوودا بە یەکەوە بوون لە پێناو خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بکات.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە سەرەخۆشیی نەوشیروان مستەفادا کرد



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی "نەوشیروان مستەفا" ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕاندا بەشدارییان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری هەولێر لە مزگەوتی "سەواف"، لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی خوالێخۆشبوو "نەوشیروان مستەفا"دا بەشدارییان کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان پێشکەش بە بنەماڵەی "نەوشیروان مستەفا" و ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان کرد و خۆیان بە بەشدار و شەریکی خەمیان زانی.

## بەشداری وەفدێکی حیزب لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی ماموستا عەزیز محەممەد




وفدێکی باڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزب، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعی عێراق، ماموستا عەزیز محەممەددا کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەسەرپەرەستی بەڕێز سکرتێری گشتی بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی پرسە و ماتەمینی ماموستا عەزیز محەممەد کەسایەتی ناسراوی کورد و سکرتێری پیشووتری حیزبی شیوعی عێراق، لە شاری هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقدا کرد و پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتیان بە بنەماڵەی بەڕێزی ماموستا عەزیز و بەڕێز کاوە مەحموود سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان و سەرکردایەتی ئەم حیزبە گەیاند.

لە میانەی ئەم ڕێوڕەسمەدا بەڕێز سکرتێری گشتی حیزب لە وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ تەلەفزیۆنی "ڕێگا"، تەلەفزیۆنی فەرمی حیزبی شیوعی، کۆچی دوایی بەڕێز عەزیز محەممەدی وەکوو کەسایەتییەکی دیاری کوردستان و دۆستێکی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیەکی بەوەفای شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو، بە خەسارێکی گەورە زانی.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی عەزیز محەممەددا کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی عەزیز محەممەددا کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی "محەممەدنەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی عەزیز محەممەد، سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعیی عێراقدا کرد.

لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی ناوبراودا بەرپرسانی باڵای ئیداری، سیاسی، نوێنەرانی حیزب و لایەنەکان، کەسایەتییە کوردستانی و عێراقییەکان ئامادە بوون.

لەو ڕێوڕەسمەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان بە بەرپرسانی ئەو حیزبە گەیاند.

تەرمی عەزیز محەممەد سیاسەتمەدار و تێکۆشەری دێرین و ناوداری کورد لە گۆڕستانی "شەهیدانی شیوعی" لە شاری هەولێر ئەسپەردەی خاک کرا.

## ڕێوڕەسمی ڕۆژی منداڵان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو




ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداریی منداڵانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی جۆزەردان، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، ناوەندی نێرگز مەراسمێکی بەشکۆی بەڕێوەبرد.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دواتر ڕاگرتنی خۆلەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

ڕێوڕەسمەکە لە چەندین بڕگە و بابەتی جۆراوجۆر پێکهاتبوو، کە بریتیی بوون لە چەندین جۆر کێبڕکێی منداڵانە و خوێندنی شێعر و گۆرانی لەلایەن منداڵانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکە.

بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە، هەڵپەڕکێی منداڵانی ناوەندی نێرگز بوو، کە سەرنجی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

پاشان هونەرمەند غوڵام فاتحی بە هاوڕێیەتی شەپۆل ڕەحیمی گۆرانییەکیان پێشکەش بە ڕێوڕەسمەکە کرد.

دواتر دیاریی ناوەندی نێرگز بە سەر منداڵانی "ئازادی"دا دابەش کرا و دوایین بڕگەی ڕێوڕەسمەکەش بریتی بوو لە هەڵپەڕکێی گشتی.

## چالاکیی تەبلیغی بۆ پشتیوانی لە ڕاسان لە شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ پشتیوانی لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات چالاکیی بەرینی تەبلیغییان لە چەند شاری کوردستان بەڕێوەبرد.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری "مەریوان"، سەر بە پارێزگای سنە، بۆ بەرز نرخاندنی وەرزی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گرێدانی خەباتی شاخ و شار، بە شێوەیەکی بەرین چالاکیی تەبلیغییان لەو شارە بەڕێوە برد.

ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات لە گوندەکانی "کولید و ژرێژە" سەر بە شاری مەریوان بە نووسینی دروشمی وەک "ڕاسان بەردەوامە، بژی حدکا، مەرگ و نەمان بۆجاشی چڵکاوخۆر، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جاشی خۆفرۆش دەست لە نیشتیمانفرۆشتن هەڵگرە، نیشتیمان وەک دایک وایە نابێ خەیانەتی پێ بکرێ، خۆ فرۆشان باش بزانن کە بە سزای گەل دەگەن" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها ڕۆڵە چاونەترسەکانی نیشتمان، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٨ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە شاری نەغەدە، چالاکیی تەبلیغییان بە دروشمی "نا بۆ ڕێژیمی سێدارە، بژی حدکا، بژی ڕاسان" بەڕێوە بردووە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە دەبەن و پشتیوانی لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات دەکەن.



# پەیامی هاوخەمیی مستەفا هیجری سەبارەت بە کۆچی دوایی عەزیز محەممەد



مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کۆچی دوایی عەزیز محەممەد، سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعیی عێراق پەیامێکی هاوخەمیی بڵاوکردەوە.

دەقی پەیامەکە:

پەیامی سەرەخۆشیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ عەزیز محەممەد

کۆچی دوایی مامۆستا عەزیز محەممەد، سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعی عێراق و گەورە پیاوی ناوداری بواری کوردایەتی، بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی ئەو بەڕێزەیان دەناسی و شارەزای ڕابردووی دەیان ساڵەی خەبات و تێکۆشانی بێوچان و ماندوویی نەناسانەی بوون، خەبەری ڕووداوێکی تاڵ بوو.

بە کۆچی دوایی ئەو بەڕێزە، کورد بە گشتی خەباتکارێکی گەورەی ڕێگای ئاشتی و برایەتی خۆی لەدەست دا، یەکێک لەو خەباتکارانەی کە جێگایان زۆر بەئەستەم پڕ دەبێتەوە، بەڵام بۆ ئێمەی حیزبی دێموکرات بێجگە لەوە، خەساری لەدەستچوونی دۆست و خەمخۆرێکی دەیان ساڵەمان بوو کە لە پێکهێنانی پێوەندییەکی قووڵ و بەردەوامی برایەتی نێوان حیزبی شیوعی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەورێکی بەرچاوی هەبوو، پێوەندییەک کە تاکوو ئێستاش هەروا لە گەشە کردندایە.

بە بۆنەی ئەو خەسارە گەورەوە، سەرەخۆشی لە خۆمان، لە حیزبی شیوعیی کوردستان، ئەندامانی بنەماڵەی ئەو مامۆستا گەورەیە و هەموو دۆستان و هاوڕێیانی دەکەین و خۆمان لە پەژارەی لە دەستدانی‌دا بەشدار دەزانین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
١١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی
١ی ژوئەنی ٢٠١٧ی زایینی

# ڕێژیمی ئێران بڕیارێک بۆ مامۆستایانی ئایینی ورمێ دەردەکات

بەرپرسانی ئەمنییەتیی ڕێژیمی ئێران لە پارێزگای ورمێ، لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڕیارێک بۆ مامۆستایانی ئایینی دەردەکەن.

بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بڕیارێکدا بۆ دژایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هۆشداریان بە مامۆستا ئایینییەکانی پارێزگای ورمێ دا.

بەپێی ئەو هەواڵە "دەفتەری نوێنەرایەتیی وەلی فەقیه بۆ کاروباری ئایینیی ئەهلی سوننە"، ئەو مامۆستا ئایینییانەی کە لە مزگەوتەکاندا خوتبە بۆ خەڵک دەخوێننیان بانگهێشت کردووە و پێیان ڕاگەیاندوون کە دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا وتار بخوێنن.

هەر بەپێی ئەو هەواڵە؛ دەفتەری وەلی فەقیه لەو بارەیەدا بەڵێننامەی بە مامۆستا ئایینییەکان پڕ کردووەتەوە.

ئەو هەوڵەی ڕێژیمی ئێران بۆ سێ پرسی "ڕاسان، هەڵبژاردن و پرسە ئایینییەکانی سوننە" دەگەڕێتەوە.

لە دوای خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی ڕابردووەوە گوشارەکانی بەرپرسانی ڕێژیم بۆسەر خەڵك، لە هەموو بوارەکانەوە پەرەی سەندووە.

# سپای پاسداران بۆ بەرەنگاربوونەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە تۆپخانەیەکی لە سنووری کێلەشین دامەزراند

سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە نزیک ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپخانەیەکی دامەزراند.

سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران تۆپخانەیەکی لە سنووری کێلەشین سەر بە شاری شنۆ دامەزراندووە.

ڕۆستەم جەهانگیری، بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەو هەواڵە ڕایگەیاند؛ "دامەزراندنی ئەو تۆپخانەیە لە لایەن سپای پاسدارانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چالاکیی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتە".

سەرەڕای ئەوەش، ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بەردەوامیی چالاکیی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا پێداگریی کردەوە.

ساڵی ڕابردووش تۆپخانەی سپای پاسداران سێ جار ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تۆپباران کرد.

شایانی باسە کە یەکێک لە شێوازەکانی بەربەرەکانێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ دژبەرانی خۆی، سیاسەتی سووتاندنی تەڕ و وشک پێکەوەیە. هەرجارە و بە بیانووی هەبوونی هێزی دژبەری خۆی، هێرش دەکاتە سەر ماڵ و حاڵ و زەوی و زاری خەڵکی بێتاوانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، و زەرەر و زیان لە خەڵکی مەدەنی و سڤیل دەدات و ئەوەی بۆی گرینگ نیە، گیان و ماڵی خەڵکی کوردە جا لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت.

# ڕێژیمی ئێران هەڕەشە لە خەڵکی کوردستان دەکات

بەرپرسانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم سەبارەت بە هاوکاری کردنی پێشمەرگە، هەڕەشە لە خەڵکی کوردستان دەکەن.

بەرپرسانی ناوەندە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران، هەڕەشە لە هاوڵاتییانی کوردستان دەکەن کە هاوکاریی پێشمەرگە نەکەن.


لەو پێوەندییەدا لە گوند و شارەکانی "مەهاباد، بۆکان، شنۆ، پیرانشار، سەردەشت و ورمێ" بەرپرسانی ئیدارەی ئیتلاعات ئەو کەسانەی کە پێشینەی پێشمەرگایەتیان هەیە و تەنانەت بۆ چەند ڕۆژیش لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"دا بوونە، بانگهێشتی کردوون و هەڕەشەی لێ کردوون هاوکاریی پێشمەرگە نەکەن و هاوکاریی ڕێژیم بکەن.

بەرپرسانی ئیتلاعات بەو کەسانەیان ڕاگەیاندووە، "دەبێ زوو زوو سەردانی ئیتلاعات بکەن و بوونی خۆیان بە واژۆ ڕابگەیەنن".

ڕێژیم هەڕەشە لەو کوێستانچییانە دەکات کە مەڕ و ماڵاتییان دەبەنە کوێستانەکان و بۆماوەی چەند مانگێک لە کوێستانەکان دەمێننەوە، و ژمارە تەلەفوونی هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵانەی وەرگرتووە و بەڵێنی لێ‌وەرگرتوون هاوکاریی ڕێژیم بکەن و هاوکاریی پێشمەرگە نەکەن.

هەروەها بەرپرسانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم بەو کوێستانچییانەی ڕاگەیاندووە؛ نان و پێداویستی نەدەنە پێشمەرگە و هەرکات پێشمەرگەیان بینیی بە ئیتلاعات ڕابگەیەنن.

# نوێنەری حدکا لە ئامریکا: پێشمەرگە ئیرادەی خۆی بە جیهان پیشان بدات بەرپرسان و سیاسەتمەدارنی ئامریکا پێشوازیی زیاتر دەکەن



نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا باسی لەوە کردووە؛ ئەگەر هێزی پێشمەرگە چالاکی بکات، بەرپرسان و سیاسەتمەدارانی ئامریکا پێشوازیی لێ دەکەن و نیسبەت بە چالاکیی نوێ گومانیان هەیە.

"ئارەش ساڵح" نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا، لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی کوردستان میدیا، لەپێوەندی لەگەڵ خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات ڕوانگەی بەرپرسان و سیاسەتمەدارانی ئامریکای خستە ڕوو.

نوێنەری حیزبی دێموکرات لەو وڵاتە، لەو وتووێژەدا سەرەتا باسی لەوە کردووە کە؛ لە ڕاستیدا سیاسەتمەداران و کەسانی دیپلۆمات و کۆنسێرڤاتیو، زۆربەیان لایەنگری دۆخی ئێستان و بە گشتی نیسبەت بەو چالاکی و حەرەکەتە نوێیە شک و گومانان هەیە و ئەوان کاتێک دڵنیا بن کە هەر چالاکی و یان حەرەکەتێک لە دۆخی ئێستادا بە قازانجی ئەوان تەواو دەبێت، پشتیوانیی لێ دەکەن.

ساڵح باسی لەوەش کرد کە؛ ئامریکاییەکان خۆشحاڵیی خۆیان سەبارەت بە دەستپێکی خەباتی ئێستای حیزبی دێموکرات لەژێر ناوی "ڕاسان"دا دەربڕیوە و خوازیاری ئەوەن ڕاسان بەهێز بکرێت. بەرپرسانی ئەو وڵاتە زانیاریی باشیان لە سەر ئیرادەی قایمی ئێمە نیە و بۆیە بە نەرمی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، بۆیە ئەگەر پێشمەرگە ئیرادەی خۆی بە جیهان پیشان بدات بەرپرسان و سیاسەتمەدارنی ئامریکا پێشوازیی زیاتر دەکەن.

ناوبراو باسی لەوەش کرد کە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ "ژووره فکرییەکانی ئامریکا" هەیە و ڕۆڵی گاریگەر و بەرچاومان تێیدا هەیە.

نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئامریکا هەروەها گوتی؛ سیاسەتەکانی ترامپ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر ڕۆڵ دان بە شەریکەکانی خۆیەتی و کەمتر لە سەر ئەمنییەتی ئەو ناوچەیە سەرمایەگوزاری دەکات.

ئارەش ساڵح باسی لەوەش کرد؛ ئەوەیکە ئێستا ئاشکرایە سپای پاسداران و خامنەیی زۆر توند ترساون و لە دوای هاتنەسەرکاری ترامپەوە تا ئێستا، هیچ یا کەمتر هەڵوێستی توندیان گرتووە.

نوێنەری حیزبی دێموکرات لە وڵاتی ئامریکا لەبارەی سعوودی و ڕێژیمی ئێران باسی لەوەش کرد کە؛ ئامانجی عەرەبستان پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان ئامریکا و سعوودیەیە کە لە سەردەمی ئۆبامادا دروست بووە و لە لایەکی دیکەشەوە ئێران کێشەی ئەساسیی ناوچەکەیە.

ئارەش ساڵح لە کۆتایی وتووێژەکەدا باسی لەوە کرد کە؛ بۆ ئەوەیکە بتوانین لە گۆڕینی هاوکێشەکانی ناوچەدا، لە ڕاستای بەرژەوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵات کاریگەریمان هەبێت، ئێمە تەنیا یەک ڕێگەمان هەیە ئەویش بەهێزکردنی خۆمانە. ئێمە لە دۆخێکداین کە دەبێت دوور لە هەر ڕوانگەیەکی هەستۆکی؛ گۆڕان لە خۆماندا پێک بێنین. پێشمەرگە گرینگترین سەرمایەیە کە ئێمە دەبێ لە باری چەندیەتی و چۆنیەتی ئەو هێزەمان هەبێت. هەروەها دەبێت تەمەنی ڕێبەریی خۆمان بەرەو جەوانگەرایی بەرین.

# ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو



ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بۆ منداڵانی ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو.

ناوەندی ٣ی کوردستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١١ی جۆزەردان بەرانبەر بە ١ی ژوئەن ڕێوڕەسمێکی تایبەتیان بۆ منداڵانی حیزبی دێموکرات لە ناوەندی ٣ بە بەشداریی چەندین چالاکی فەرهەنگی و ڕۆژنامەوان و ڕێکخراوی چالاک لەبواری کاروباری منداڵان و هەروەها ڕیکخراوی جیهانی UNHCR بەڕێوەبرد.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا و پاش بەخێرهاتنی میوانان لەلایەن پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکە، هەر کام لە ڕێکخراوەکانی "هیوای ڕۆژهەڵات" و " کوردستان فۆتۆ" پەیامی خۆیان بەم بۆنەوە پێشکەش کرد. دواتر چەندین سروود و گۆرانی و شێعری منداڵانە لەلایەن منداڵانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکە خوێندرایەوە کە کەشێکی تایبەتیان بە ڕێوڕەسمەکە بەخشی.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا دیاریی ڕۆژی جیهانیی منداڵان بەسەر هەموو منداڵانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکەدا دابەش کرا. مەراسیمەکە بە شایی و هەلپەڕکێی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

## درێژەی پەیف

بەرتەسک دەبێتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی فەڕانسە و ئاڵمان و بێلژیک و بریتانیا و ... نیشانیان دا و دووبارە سەلماندیانەوە کە تێرۆریزم لە ناوچەیەک بەرتەسک نابێتەوە و ئەم ئاگرە تەشەنە دەستێنێ.

تەنیا بریندارکردنی ماری تێرۆریزم وەڵامدەر نیە و پێویستە هەردوو سەری مارەکە هەم لە تاران و هەم لە ڕەوتی سەلەفی جیهادی پان بکرێتەوە، دەنا ئەم دوانەی ئاشقە و ماشقە زاوزێ دەکەن و هیچ گۆشەیەکی جیهان ئارامیی تێدا نامێنێ.

# گرینگیی ڕۆڵی ژنان لە سەرکەوتنی خەباتدا

کەژاڵ حاجی میرزایی

هەر لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕش و خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردەوە هەتا ئەمڕۆ نەیارانی ئەو نەتەوەیە هەموو هەوڵ و هێزی خۆیان بەکار هێناوە بۆ خنکاندن و لەنێوبردنی ئەو شۆڕشە کە بە مەبەستی گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و هەروەها بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و مرۆڤ‌تەوەر بە هەموو دەنگ و ڕەنگێکەوە بووە.

نەیارانی ئەو شۆڕشانە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە هەموو تاکتیک و ئیستراتژییەک کەڵکیان وەرگرتووە و هەروەها لە قۆناغە تایبەتیەکاندا پیلانە جۆراوجۆراکانیان وەگەڕ خستووە و خۆیانیان لە هیچ چەشنە خراپەکارییەک بەرانبەر بەم مافخوازییە ئینسانیە نەپاراستووە. یەکێک لەو پیلانگەلە کە بە درێژایی دوژمنایەتیان لە گەڵ نەتەوەی کورد بەردەوام بووە و لەم نووسینە کورتەدا ئاماژەی پێدەکرێ، هەوڵدان بۆ سڕینەوە و لاواز کردنی بیر و هزری نەتەوەیی و نەزۆک کردنی ئاوەزی نەتەوەیی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و بە تایبەتی ژنان بووە.

دوژمنانی هەمیشەیی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد بەردەوام لە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی فکری و داگیرکردنی هزری نیشتمانی و نەتەوەیی کەڵکیان وەرگرتووە و ئەمەشیان بە باشی بۆ دەرکەوتووە کە نەبوونی هزری نەتەوەیی لە تاکەکانی کورددا دەبێتە یەکێک لەو هۆیانەی کە هەستی بێ شوناسیی نەتەوەیی درووست بکات و مرۆڤی کورد تووشی قەیرانی شوناسی نەتەوەیی بێت وبەم شێوەیە خەسارێکی قەرەبوونەکراو بگەیەندرێت بەم نەتەوەیە و هەروەها بە بزووتنەوەکە. دیارە مەبەستی ئەوان لەم سڕینەوەیە بێ‌هەڵوێست کردنی تاکە لە هەمبەر پرسی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و....هتد، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و لە کۆتاییشدا خەساندنی خەباتەکە.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە کەش و هەوایەکی وەها ئاڵۆزی فکری دەخولقێنێت تاکوو وا لە تاک بکات وردە وردە هێما و بایەخ و پێوەرە نەتەوەییەکانی خۆی لە لا سووک ببێت و لە بەرانبەردا، لە کەلتوور و نەریتی داگیرکەردا "مەسخ" بێت و ببێتە بەشێک لە گوتاری نەتەوەی سەردەست و سیاسەتی داگیرکەر. لێرەدایە کە زمان، پۆشینی جلوبەرگ، شێواز و ئەدەبیاتی قسە کردن، جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دوژمن بە سەر هەڵسوکەوتی تاکدا زاڵ دەبێت و دواجار تاک دەبێتە قوربانیی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی دژە کورد.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدایە کە تاکی مەسخ و ئاسیمیلە بوو چیدی قایل بە ستەم و ژێرچەپۆکەبوونی نەتەوەکەی لە لایەن داگیرکەر و ڕێژیم دەبێت و ئیتر سەربەخۆییخوازی و ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بیر و هزری وەها تاکێکدا مەوزووعییەتی نامێنێت.

زەروورەتی هەبوونی هزری نەتەوەیی لە ژنی کورددا

ئەوەی لە سەرەوە باس کرا، باسێکی گشتی بوو لە سەر ڕەوتی لە دەستدانی هەست و هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی هەموو تاکەکان. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەو نووسراوەیە وردبوونەوە لەسەر هەستیاری و گرینگیی ئەو پرسەیە لە سەر ژنان و ئەوەیکە ئەگەر ژنانی نیشتمان دەوری خۆیان ببینن لە مەیدانی کردەوەدا، تا چ ڕادەیەکی بەرچاو دەتوانن شوێندانەر بن و وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە کە بۆچی ژنی کورد پێویستە پێگەی هەستیاری خۆی فرەتر دەرک بکات. لە میانەی باسەکەدا بە هێنانەوەی چەند نموونە لە ڕۆڵگێڕی ژنان لە بزووتنەوەکاندا هەوڵ دەدرێ وێنەیەک لە پانتایی پراکتیزەکردنی ئیدەکان بخرێتە ڕوو، نەک بە مەبەستی هاندانی ژنانی کورد بۆ لاسایی کردنەوەیان، بەڵکوو بە مەبەستی ئاماژەپێدان بە کاریگەربوونی ئیرادەیان لە سەر بزووتنەوەی کورد.

حەوجە بە وتن ناکات کە ئەگەر بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە بزووتنەوە و خەباتی ڕزگاریخوازیدا دەرگای سەرکەوتن و ڕزگاریی نەتەوەکان بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەشداریی ژنانی ئەو کۆمەڵگایانە پاشنەی ئاشیل و ڕەمزی سەرەکیی ئەو سەرکەوتنانە بەهەژمار دێت، بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ کوردیشدا، وشیاریی نەتەوەیی ژنی کورد زەروورەتێکی چارەنووس سازە کە دەتوانێ زیاتر لە جاران کارتێکەری لەسەربزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی هەبێت.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانە و ئازادیی ئەو گەلانەی کە سەردەمانێک لە لایەن داگیرکەرانەوە وڵات و زێدیان داگیرکرابوو و لە بندەستی و چەرمەسەریدا ژیانیان بەسەردەبرد بدەینەوە، ئەو ڕاستییە بە ڕوونی بۆمان ئاشکرا دەبێت کە؛ ژنانی ئەو دەڤەرانە چ ڕۆڵێکیان لە خەبات و ئازاد کردنی وڵاتەکەیاندا گێڕاوە و چ کاریگەرییەکیان لە زیندوو کردنەوەی کەرامەت و شوناسی نەتەوەیی گەلەکەیاندا هەبووە. ئەم ژنگەلە، ژنانێکی شۆڕشگێڕ بوون کە هەست و سۆزی نەتەوەیی لە نێویاندا گەشەی سەندبوو و زۆر وشیارانە لە بارودۆخی مەترسیداری وڵاتەکەیان تێگەیشتبوون.

بۆ وێنە ئاماژە بە ساڵەکانی ۱۷۷۰ی زایینی دەکەین لە کاتی شۆڕشی سەربەخۆیی خوازیی ئامریکا کە ژنان یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بوون. ژنانی ئامریکا چ لە بواری ئابووری و لۆجێستیکی شۆڕش و چ لە بەرەکانی شەڕدا ڕۆڵی گرینگ و چارەنووسسازیان گێڕا. لە باری ئابووری و لۆجیستیکییەوە هەوڵیان دا جگە لە کەمکردنەوەی بەرخۆر(مصرف)، بە بایکۆت کردنی شتومەکی بریتانیایی و خۆپاراستن لە بەکارهێنان و هاوردەکردنی بەرهەمی بەریتانیا، زەربەی ئابووری لە دوژمن بدەن و لەلایەکی ترەوە هەوڵێکی نیشتمانییان وەڕێ خست بۆ بەرهەمهێنانی شتومەکی خۆجێیی. ئەو هەوڵانە وەک میکانیزمگەلی بەرگری، بەگشتی لە لایەن "ژنانی نیشتمانییەوە " پێڕەو دەکران. بۆ وێنە ئەوان بزووتنەوەیەکیان وەڕێ خست بە ناوی بزووتنەوەی "دروومانی نیشتمانی" و تێیدا ژنانی ئامریکا بۆ پڕ کردنەوەی شوێنی بەرهەمە بەریتانیاییەکان دەستیان بە ڕێستن و دروومان و چنین کرد و هەم پەتوو و جل‌وبەرگی سەربازەکانیان دەدوری و هەمیش پێداویستیی نێوخۆییان دابین دەکرد. یان ژنان پێشڕەو و داهێنەری هەڵمەتی بایکۆتی چای بریتانیایی بوون. هەروەها لەو خەباتەدا ژنانی گوندەکان و لادێکان کە پێشتر هیچ ڕۆڵێکیان لە جووڵانەوە سیاسییەکاندا نەبوو، ئێستا ببوون بە بەشێکی گرینگ لە خەباتێکی گشتگیری ڕزگاریخوازانە.

جگە لە زۆر کاریگەر بوونی ئەو بایکۆتانە لە پێشگرتن بە چوونەدەرەوەی دراوی ئامریکا بۆ بەریتانیا، بەرزبوونەوەی هەستی یەکگرتوویی و پاڵپشتیی نیشتمانیی لێکەوتەوە کە ورەبەخش و بزوێنەری شۆڕش بوون. ژنان هەروەها لە ڕێگای ڕێکخستن‌گەلی وەک ئەنجوومەنی خانمانی فیلادێلفیا کە دواتر هەموو ئەمریکای گرتەوە، یارمەتیی خەباتی نەتەوەییان دا. ئەوان بە کۆکردنەوەی یارمەتیی ماڵی پشتگیریی شۆڕشیان دەکرد. بۆ نموونە، تەنیا لە ساڵی ۱۷۸۰دا پتر لە ۳۰۰هەزار دۆلار لە لایەن ڕێکخستنەکانی ژنان بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانە کۆ کرایەوە.

ڕۆڵی ژنان لە بەرەکانی شەڕدا بەربڵاو و جوراوجۆر بوو، لە کاری نیزامی و بەتایبەت جاسووسی و زانیارییەوە بگرە هەتا پەرەستاری و جێشت لینان و... هتد. ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان بە دزەکردن بۆ نێو ڕیزەکانی دوژمن وەک ئاشپەز و پەرەستار و...هتد، وەک جاسووس، کۆمەڵێک زانیاریی سەربازیی گرینگ لە سەر دوژمن بۆ هێزە ئامریکاییەکان دەنێرن و لە بەرەکانی شەڕیش‌دا بە گواستنەوەی زانیاریی هەرە نهێنی و هەستیار، یارمەتیی چارەنووس‌سازیان داوە بە سەرکەوتنە سەربازییەکان. ژنانی ئامریکا لەم قۆناغە مێژووییەدا دەیان خەباتی شۆڕشگێرانەی دیکەیان هەبووە کە لێرەدا ناکرێ ئاماژە بە هەمووی بدرێت.

ڕزگاریی ئافریقای باشوور نموونەیەکی تری ڕۆڵگێڕی ژنانە لە پرۆسەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کە بە دامەزراندن و وەڕێخستنی کەمپەین و یەکییەتی جۆربەجۆر، یارمەتیی گەورەیان بە گەشەی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی ڕزگاریخوازانە دا. یەکێتی ژنانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا وەک کۆنترین ڕێکخراوەی ژنانی ئەو وڵاتە ساڵانێکی دوور بوو سەرقاڵی ڕێکخستنی ژنان بوو بۆ بەشداری لە خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی.

بە دامەزراندنی فێدێراسیۆنی ژنانی ئافریقای باشوور لە ساڵی ۱۹٥٤دا، خەباتی ژنان یەکگرتووانەتر و چڕتر لە پێشوو بە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و نەتەوەیی درێژە درا. لە کۆنگرەی دامەزراندنی فێدێراسیۆنەکەدا کە ۱٤٦ ژن نوێنەرایەتی ۲۳۰،۰۰۰ ژنیان دەکرد گفتوگۆیان لە سەر ئەوە دەکرد کە چۆن مافە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانیان وەدەست بخەن و چۆن دەتوانن ڕۆڵێکی گەورەتریان هەبێ لە ئازادیی هەموو خەڵکی نیشتمانەکەیان. بەگشتی پاڵپشتیی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان بەشێک بوو لە سۆز و بەڵێنەکانیان بۆ خەباتە گشتییەکە کە بۆ ڕزگاری خەڵکی ئافریقای باشوور لە گەڕدا بوو و هەروەها بەڵێن و سۆزیک بۆ بنیات‌نانی ئافریقایەکی ڕزگاربوو لە ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزی.

ئەو نموونانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە؛ لەگەڵ ئەوەیکە حاشا لە نابەرابەریی ڕەگەزی چ لە مێژوودا و چ لە ئێستادا ناکرێ، ژنان پێویستە لە خەبات بۆ مافەکانیان شێلگیرتر لە جاران تێبکۆشن، بەڵام خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی خاوەنی تایبەتمەندیی "بێ ڕەگەزی"یە. واتا ئەو خەباتە وەک سیستمێکی بێ ڕەگەز، نە ژنانەیە و نە پیاوانە؛ تەنانەت هەوڵدان بۆ ژنانە و پیاوانە کردنەکەی دەبێتە هۆی نقوستان کردنی سیستمەکە و بە ئاکام نەگەیشتنی. هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەو ئاماژە مێژووییەدا پێویستە تیشکێک بخرێتە سەر چاوەڕوانییەکانی قۆناغی ئێستا لە ژنانی کوردستان و پێویستیی ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە تێگەیشتن و فۆرم و نێوەڕۆکی ڕۆڵی ژنان لەو خەباتەدا.

"ئەمجارە خەباتێکی نوێ بە نێوی "ڕاسان" بەرانبەر بە داگیرکەری کوردستان دەستی پێکردووە. ڕاسان خەباتێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی ڕزگاریخوازانەیە لە درێژەی خەباتی مۆدێرنی چەندین ساڵەی کورد بە هەندێک تایبەتمەندیی بەرچاوتر". یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەرس وەرگرتن لە ڕابردوو و خەسارناسی مێتۆدەکان و بنەما فکرییەکانی ڕابردوویە. لەگەڵ ئەوەیکە زەخت و زۆریی و سەرکوت و قەڵاچۆ و تیرۆر و دەیان سیاسەت و فێڵ و تەڵەکەی دوژمن بۆ لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بە ڕواڵەت هۆکاری سەرەکیی بەئامانج‌نەگەیشتنی ئەو خەباتە تا ئێستایە، بەڵام لە ڕاستیدا بنەڕەتی‌تر لەوە، کەمایەسییە نێوخۆییەکانی شۆڕشە کە لە پشت ئەو سەرنەکەوتنەوەیە. یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ڕابردوو -کە چارەسەرکردنەکەی قوڵاییەکی ستراتیژیک دەبەخشێتە بزووتنەوە- بەرتەسک کردنەوەی پێناسەی خەبات و خەباتکار و مەیدانی خەبات بووە کە لێکەوتەیەکی، پەراوێزخستنی نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵ واتە ژنان بووە. بە پێداچوونەوە بەسەر بنەما مەعریفیەکانی بزووتنەوەدا و دۆزینەوەی میکانیزمی ئەکتیڤ کردنی بەشە نائەکتیڤەکانی کۆمەڵگا دەتوانرێ قۆناغە نوێیەکە بەرجەستەتر وجیاوازتر لە ڕابردوو پێناسەی خۆی وەرگرێ و بە کردەوە ڕاسانی یەکجارەکی لێ بکەوێتەوە، کە ئەویش ڕاسان و ڕابوونی گشت ئەندامانی کۆمەڵ بە هەموو خواست و پێگەیەکیانەوە بە دژی داگیرکاریی و دواکەوتوویی دەبێ. گەورەترین بەشی نائەکتیڤی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بزووتنەوەدا، تائێستا و ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەشی ژنانە. دیارە لێرەدا نە ئەگونجێ و نە لە توانای نووسەری ئەو دێڕانەدایە کە باس لە سەر میکانیزمگەلی ئەکتیڤ کردنی ژنانی کۆمەڵی کوردەواری بکرێ، بەڵکوو تەنیا مەبەست زەق کردنەوەی دووبارەی کەموکوڕییەکان و کارتێکەریی چارەسەرکردنەکەی لە سەر داهاتووی بزووتنەوەیە. ڕەنگە بزووتنەوەیەک بتوانێ بە پشتیوانی دەرەکی بە سەرکەوتن بگات، بەڵام بە دڵنیاییەوە بێ پاڵپشتی و هاوهەنگاویی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت ژنان، سەرکەوتنی درێژخایەن وەدەست ناهێنێت.



# سیاسەتی شەڕخوازیی ڕێژیمی ئێران

کەیوان دروودی

پانیکی سێبەری شەڕ، کارتێکی بەکارهاتووی خۆسەپاندنی ڕێژیم لەدوای شەڕی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراق کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان زیاتر لە نیو میلیۆن لە خەڵکی ئێران لەو شەڕەدا کوژراون، زەبرێکی گەورە لەڕووی مرۆیی، پێشکەوتوویی، ئاوەدانی و... هتد، بە گەلانی نێو ئەو جوغرافیایە گەییشت، هەر لەو سەردەمەوە کەڵکاژۆ لە قەیران و بەکارهێنانی وەک ڕمبێک بەسەر داواکاری و چاوەڕوانییەکانی خەڵک، بوو بە بەشێک لە سیاسەتی نێوخۆیی ڕێژیمی حوکمڕان.

لە دەیەی حەفتاوە لەژێر دروشمی لێکەوتەکانی شەڕی سەپێندراو داخوازیی کار، خۆش بژێوی هەتا کرانەوەی گۆڕەپانی سیاسی لەلای گەلانی ئێران، کەوتنە بەر پاساوی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم، هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە دەستەواژەی شەڕی سەپێندراو بوو بە بنێشتەخۆشەیەک لە دەمی ڕایەداران تاکوو ئەو شەڕە بڕستبڕە لە ڕای گشتیدا وەکوو کاردانەوەی سوپای پاسداران ڕابگەیەنن و وابنوێنن کە پێچەوانەی نیاز و خواست لە شەڕێک تێکەوتوون، لە کاتێکدا کە سەرەتاتکێکانی خومەینی لە عێراق و بەتایبەت هەوڵدان بۆ هەڵخڕاندنی شەڕێکی نێوخۆیی لە عێراق لە ڕێگای ئەرتەشی ئەو وڵاتەوە بوو کە کەشێکی نەیارانەی خستە نێوان و لە ئاکامدا گرژی و تێکهەڵچوونی لێکەوتەوە. دواتر هەر لەژێر بنەمای هەناردەکردنی شۆڕش وەک هێڵێکی پێشەوەی سیاسەتی فەرمیی دەرەکی، ئەو ڕێژێمە کەوتە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق، بەحرەین، سووریە، لوبنان، فلێستین و هتد... .

لەو کاتەوە هەتا سەردەمی دەرکەوتنی هەڵسووڕانی نهێنیی ناوکی و لە مەودای شەڕی کەنداو و سێبەری شەڕی ئامریکا، ڕێژیمی ئێران توانیی تۆڕێکی سیخوڕیی بەربڵاو هەتا ئامریکای لاتین دابنێت.

لەم ماوە ڕێژیم لە فازی پاساوی پێشنەکەوتنی گەلان لەژێر دروشمی لێکەوتەی شەڕدا بوو، بەڵام لە دوای ئەم برگەوە و بەتایبەت لە ساڵەکانی ٢٠٠٣ بەملاوە و چڕبوونەوەی کاردانەوەی جیهانی بە سەرکردایەتیی ئامریکا لە دژی چالاکیی ناوکی، پروپاگاندای شەڕ پێی نایە فازی سێبەری شەڕ واتە کەڵکاژۆ لە ئاکامی گرژیی ئیرادەگەرایی خۆی لە ناوچە وەک پانیکێک بەسەر گەلانی ئێران. لەم ساڵانەی دوایی و پێش ڕێکەوتنی لەرزۆکی ناوکی، گوتاری جۆراوجۆری وەک نەرمی نواندنی قارەمانانە، خۆڕاگریی ئابووری، گۆڕینی هەڕەشە بۆ دەرفەت و... هتد، هەرکامە و بۆ مەبەستی دیاریکراو پەرەی پێدرا، مەبەستیش لە هەریەک لەمانە زیاتر ڕای گشتی بوو هەتا بەجۆرێک ئەو سێبەری شەڕە کە سایەی ئەوپەڕخوازیی و ئیرادەگەرایی خودی ڕێژێم بوو؛ وەک مەترسییەکی گشتی لەلایەن جیهانی ئازادەوە بۆسەر خەڵکی ئێران نیشان بدرێ.

هەر لەو کاتەوە هەتا ئیستە لەرێگای دەزگا پانوبەرینەکانی ڕاگەیاندن و پروپاگانداوە لە نێوخۆی ئێران کە بەگشتی لەلای بەیتی ڕێبەریی و شەخسی خامنەییەوە کانالیزە دەکرێ، هەوڵ درا تاوەکوو بەکارهاتوویە ئاشتیخوازانەکانی وزەی ناوکی و کەڵکی گشتیی بۆ کەرتی پیشەسازی، دەرمان، کشتوکاڵ، گەشتیاری، پزیشکی و...هتد، وەک مەبەستی ڕێژێم لە تەقالای بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و پەرەپێدانی ناوەندە ناوکییەکان بنوێندرێ. هەر لەو ڕووەوە دەکرێ بڵێین لە بەتاڵبوونی شوێنی میدیای ئازاد لە دەنگ‌وڕەنگی نێوخۆی ئێران، ئەم پروپاگاندا تا ڕادەیەک توانیی کارتێکەریی لەسەر چەواشەی سەرکەوتوانەی ڕای گشتی هەبێت.

بەڵام فازی سێهەمی دوژمنی گریمانەیی و ئەگەر و لێکەوتەی شەڕ، وردەوردە ئەو گومانەی قووڵتر و بەرچاوتر کرد کە شەڕ بەشێک نییە لە چارەنووسی گەلانی ئێران و دوژمنایەتییش بەشێک نییە لە خواست و ئیرادەی جیهانی دژی ئێران و ئێرانی.

فازی سێهەم کە دیسان لەسەرەتاوە هەر وەک چالاکیی ناوکی حاشای لێدەکرا، لە دوای سەلمانی بوونی لقی دەرەکیی سوپای پاسداران لە سووریە هاتە ئاراوە. لە دەسپێکی شەڕی گەلانی سووریە دژی دەسەڵاتی میراتگرانەی بنەماڵەی ئەسەد، گوتاری ڕێژیم بۆ بوونی ڕابوونی ئیسلامی و ئیلهام لە شۆڕشی ٥٧ لە ناکاو و پێچەوانەی خۆپیشاندانەکانی هاودەم لە وڵاتانیتری عەرەبی بۆ پیلانگێڕی و فیتنە لە سووریە گۆڕدران. هەر لەکاتی بادانەوەی پروپاگاندای ڕێژیم وردەوردە هێزی سوپای پاسداران بۆ سووریە بەڕێ کران. دوای ماوەیەک دەرکەوت کە سوپای پاسداران لە سووریە هەڵسووڕانی بەدژی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەو وڵاتە و بەپشتیوانیی ڕووسیا و ئەسەد هەیە. ئالێرەوە خاڵێکی جەوهەریی جیاواز لە فازی یەک و دووی پروپاگاندا دەرکەوت، ئەویش ئەوە بوو کە ئەمجارە ئەوە سوپای پاسدارانە کە سنووری دوو وڵاتی بڕیوە و لە نزیک دەریای مەدیترانە خەریکی شەڕێکی قورس بەدژی خەڵکە. ئەم کردارە بوو بەهۆی ئەوەی کە دروشمەکانی پێشوو کە لەسەر بەرگری لە سنوور و خەڵکی نێوخۆ چڕبوونەوە، کاڵ ببنەوە و ئەمجار دەربکەوێ کە شەڕ بەشێکە لە چییەتی ڕایەداران و پاژێکە لە سیاسەتی ئیرادەگەرایانەی دەرەکیی ئەوان، هەر ئەمەش وای کرد کە دەیان کەس لە لایەنگران و بەرپرسانی سیاسەتی خودی ڕێژیم، دژی ئەم کردارە هەڵوێست بگرن کە ئەڵبەت ئەگەر بەکرێگرتنی نامرۆیانەی هاووڵاتیانی ئەفغان و پاکستانی نەبوایە ڕەنگبێ کوژرانی ئەو هەمووە هێزە، نارەزایەتیی سەرشەقامیشی لێ‌بکەوتایەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینەی کوژراوان خەڵکی دەرەکین هەتا ئێستە ئەو گڕە کڵپەی نەسەندووە. بەم پێیە کە باس کرا، ئەمجارە ڕێژێم لەڕووی ئیستراتیژی ڕۆژانێکی سەخت و تاقەت پڕووکێنی لە سووریە لە پێشە کە بتوانێ هەروا پاساوی شەڕ و سێبەری شەڕ و دوژمن و نەیار بۆ داخستنی تابلۆی سیاسیی نێوخۆیی و تێچووی دەرەکیی دەستێوەردانەکانی بهێنێتەوە. هەروەها جیاوازییەکی گەورە کە وادەکات زیاتر گومان لە درێژەی نیمچەسەرکەوتووانەی ئەم دۆکتۆرینە تەبلیغاتییە بکرێت، پەرەسەندنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی خوێندەواری و تێگەییشتوویی گەلانی ئێرانە کە ئیتر ئیدیۆلۆژی لەلایان کاڵ و کاڵتر ئەبێتەوە و دەکرێ پێشبینیی ئەوە بکرێ کە هەر ئەم پەیوەندییانە لە کاتی خۆیدا و لە بوونی شوێنگرەوەیەکی تەکووز، یەکگرتوو و بڕواپێکراو و ئەوڕۆیی بۆ ڕێژیم ببێتە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی بەربڵاو و یەکگرتووی جەماوەری، تا ئەوکات دەشێت ئەو ڕێژیمە وەک خۆی لەڕووی دەرەکی و نێوخۆیی و بەپێی ماهییەتی، درێژە بە کاولکاری و دووبەرەکی بدات، بەڵام دواجار وەک هاوشێوەکانی خۆی کە هیچکات دانیان بە بەهەڵەداچوونی خۆیاندا نەنا، وەک بەعسی عێراق و ڕێژیمی قەزافی لەچرکەساتێکدا کۆشکێک کە بە پووش سەری گیراوە، بەسەریاندا دەڕووخێت.

دوایین هەوڵەکانی پەیوەست بە پڕۆپاگاندای شەڕ و سێبەری شەڕ (هەڵبژاردنی ٩٦) وەک دەزانین لە دوایین گەڕی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئێران، بابەتی لادانی سێبەری شەڕ ئەگەر گرینگترین سووژەی داخی مشتومڕەکان نەبووبێت، ئەوە بێگومان یەک لە گرینگترینەکان بوو.

ئەم بابەتە تا شوێنێک چوو کە خامنەیی وەک خۆی هاتە نێو باسەکەوە و لە هەڵوێستێکی دیاریدا بەرانبەر بە قسەکانی ڕۆحانی کە گوایە ئەوە باڵی ئەو ـ ڕێفۆرمیست ـ و لەسەرووی هەموویەوە تیمی دانووستانی دەستنیشان کراوی بوونە کە وا مەترسیی ئەگەری شەڕیان لابردووە؛ وتی: ئەوە خەڵکی وڵات بوون کە هەڕەشەی شەڕیان لابرد، نەک ئەوانەی وادەنوێنن خۆیان بوونە.

بەسەرنجێکی سەرپێیی و بێ‌ئەوەی پێویست بکات تیۆریسیەنی بواری ئایدیۆلۆژی بیت، لەوە تێدەگەی کە ئەم دروشم و ڕستەگەلە ئەوپەڕی پۆپۆلیزم و ئاپۆڕەچییەتین. جا ئەم ڕاستییە ئەودەم زەقتر ئەبێت کە بزانین مەترسیی شەڕ و ئەگەری شەڕ ـ ئەگەر شتی وا هەبووبێ ـ ئەوە ئاکامی سیاسەتی ڕایەدارانی دەسەڵات بووە کە ئەو دیاردەیەی هێناوەتە ئاراوە نەک ئیرادە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلانی ناو ئێران، لەبەر ئەوەی وزەی ناوکی لەزۆرێک لە وڵاتان بەکاردەبرێ، بەڵام هەستیارییەکی وای لەلای کۆمەڵگەی جیهانی لێناکەوێتەوە و هۆیەکەشی جۆری تێڕوانینی ڕژێمی ئێران و سەلمێندراویی پاڵپشتییەتی لە گرووپە پارالێلە وردوگەورەکانی ناوچە وەکوو حیزبوڵڵا، حووسییەکان، حەشدی شەعبی و پەیوەندیی هەواڵگری لەتەک گرووپی تاڵەبان و تیرۆری کەسایەتییە ناسراوەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران لەدەرەوەی وڵات، بارمتەگرتن، گڕتێبەردانی باڵوێزخانەی وڵاتان لە تاران، بێڕێزی بە ئاڵا و هێمای وڵاتان، هەڕەشەی سڕینەوەی وڵاتی ئیسرائیل و دەیان کەیسی دیکەی هاوشێوە.

هەر بەو بۆنەوە دەکرێ بڵێین، پانیکی سێبەری شەڕ، یەکەم: هۆکارەکەی بۆ کرداری ئیدیۆلۆژیکی خودی ڕژێم دەگەڕێتەوە لە سیاسەتیدا و بەتایبەت سیاسەتی دەرەوە. دووەم، ئەم سیاسەتە لەڕووی نێوخۆییەوە ـ هەتا ئیستە ـ نەک هەر نەبووەتە کارتێکی زەخت لەلای خەڵک، بەڵکوو بووەتە ڕمبێکی سزا و هەڕەشە و لەهەمان کاتدا هاندان و وروژاندنی گەلانی ئێران بۆ بێدەنگ کردن، قەبووڵی بوونی هەڕەشەی جیهانی ئازاد دژی ئێران و ئێرانی، هەڵخڕاندنی بیری ناسیۆنالیستیی توندئاژۆ دژی وڵاتان و بەتایبەت عەرەبەکان و هەوڵدان بۆ بەشداریی زۆرینە لە هەڵبژاردن بە مەبەستی هێنانەسەرکاری میراتگرانی باڵی ڕەفسەنجانی ـ کە بۆخۆی داهێنەری ژووری تیرۆری دەرەکی ـ بووە و دەرخستنی درۆزنانەی قەوارەی ڕێژیم وەک گشتایەتییەک کە هەڵگری بیروبۆچوونی جیاواز و فرەچەشن بێ لەلای ڕای گشتی.

سێهەم، ئەوەی کە چییەتی ڕژێمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان و بابەتی ـ چارەسەریی قەیران بە قەیران ـ لەم پرسە پڕ بەباڵای ڕژێم دیارە، بەڵام ڕەهەندی گرینگی ئەوەیە کە لەم جۆرە سیاسەتە کەڵکی زۆر پراکتیکانە و فێڵبازانەی لەڕووی نێوخۆیی وەرگرتووە هەتا ڕادەیەک کە جۆرێک لە ئایدێنتیفای لە نێوان ئاپۆڕەی خەڵک و ڕێژیم شێوەی گرتووە و چوارەم و خاڵی کۆتایی، ئەوەی کە شیمانە دەکرێت لەبەر سەرەولێژ بوونی گلۆڵەی ڕێژیم لەڕووی دەرەکی و بەتایبەت ناوچەکە، ئەم مەترسییە پێ بنێتە قۆناغی جیدیتر لە جاران، بەتایبەت دوای پێکهاتنی هاوپەیمانیی گەورەی وڵاتانی موسڵمان دژی کردەوەکانی دەسەڵات لە تاران.

**دوژمنی گریمانەیی و ئەگەر و لێکەوتەی شەڕ، وردەوردە ئەو گومانەی قووڵتر و بەرچاوتر کرد کە شەڕ بەشێک نییە لە چارەنووسی گەلانی ئێران و دوژمنایەتییش بەشێک نییە لە خواست و ئیرادەی جیهانی دژی ئێران و ئێرانی.**



**سەرەتاتکێکانی خومەینی لە عێراق و بەتایبەت هەوڵدان بۆ هەڵخڕاندنی شەڕێکی نێوخۆیی لە عێراق لە ڕێگای ئەرتەشی ئەو وڵاتەوە بوو کە کەشێکی نەیارانەی خستە نێوان و لە ئاکامدا گرژی و تێکهەڵچوونی لێکەوتەوە.**

# تاوتوێ کردنی پرسی "بەشداریی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردن"دا

**ئاگری ئیسماعیل نژاد**

پرسی هەڵبژاردن لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا زۆرجار دەبێتە بابەتی ڕۆژی نێوگۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ڕەهەندەکانی پرسی هەڵبژاردن، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، هەم لە ئاستی کردەوەدا تاوتوێ و تاقی کراوەتەوە و هەم لە ئاستی ڕوانگە و بۆچوون ڕوونکردنەوەی بەرینیان بۆ کراوە؛ بەڵام بە زۆر هۆکار دەکرێ بڵێین بەداخەوە "پرسی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی" نەتەنیا بەردەوام بۆتە هۆی سازبوونی هێندێ ڕووبەڕووبوونەوەی ناپێویست و تەنانەت لێکسووربوونەوەی بێ‌هۆ، بەڵکوو بۆتە هۆی ئەوەی هێندێ لایەن و چالاکی سیاسیی کوردستان لە لێدوان و کردەوەی خۆیاندا، باسی ئەوە دێننە گۆڕێ کە دەبێ هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان بکەینە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی ستراتژی و تاکتیکی داهاتووی خەباتی نەتەوەیی_دێموکراتیکی کوردستان.

پرسیاری یەکەم

لەکام بەستێندا دەبێ هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستان و پرسی بایکۆت تاوتوێ بکرێت؟

ڕەنگە زۆر دووپات کرابێتەوە، بەڵام بە پێویستی دەزانم کە دیسان وەبیری خوێنەری بێنمەوە کە پێکهاتەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی پێکهاتەیەکی "توتالیتێر"ە کە لەودا هەڵبژاردن لە ژێر "نظارت استصوابی"ی شۆرای نیگابان بەڕێوە دەچێت؛ گرینگیی ئەو دوو بابەتە لەوەدایە کە یەکەم: پێکهاتەی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی وا دەکات کە هەڵسوکەوتی خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە ئاراستەیەکدا بەرێت کە دڵخوازی چینی دەسەڵاتدار بێ، ئەوەش بەو مانایەیە کە خەڵک لە بەستێنێکی نائاسایی، نادێموکراتیک و داخراودا هەڵسوکەوت دەکەن و ئەو بەستێنە نائاساییەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵسوکەوتی خەڵکیش نائاسایی و تایبەت بەو بەستێنە بێت و نەچێتە چوارچێوەی ڕوانینێکی سیاسییەوە، بەڵکوو لە باشترین دۆخدا بەشداری لە هەڵبژاردندا کردارێکی سیاسی لە دۆخێکی نائاسایی سیاسیدایە.

دووهەم: نزارەتی ئیستسوابیی شۆرای نیگهبان وا دەکات کە لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لە "هەڵسووڕی چالاکەوە" ببن بە "هەڵسووڕێکی قەدەغەکراو".

هەڵسووڕی قەدەغەکراو بەو مانایەی کە شۆرای نیگابان هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی کە لە قەوارەی سیاسیی ئێراندا بوونیان هەیە و خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتین و گوتارەکەیان لەنێو خەڵکی ئێراندا ڕێزی هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی قانون و دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا ڕێگەپێنەدراون، لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەم وەک کاندیدا و هەم وەک لایەنێکی سیاسی کە بتوانن کارتێکەرییان لەسەر ئاراستەی هەڵبژاردن بێ، لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا پەراوێز دەخات و شۆرای نیگابان هەوڵ دەدا لە ڕێگای جۆراوجۆری یاسایی کارتێکەرییان کەم یان ئاراستەدار بکات.

دیارە سەرەڕای شۆرای نیگابان، کۆی پێکهاتەی ڕێژیم وەک پێکهاتەیەکی تۆتالیتێر بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵ دەدا، کە کارتێکەریی هەڵسووڕی قەدەغەکراو لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی کەم یان ئاراستەدار بکات.

ئێمە لە هەڵبژاردنی ئێراندا لەگەڵ دیاردەیەک بەرەوڕووین بەناوی "هەڵسووڕی قەدەغەکراو"، چالاکێک یان بکەرێک کە دەتوانێ کارتێکەریی لەسەر ئاراستەی هەڵبژاردنەکان بێ، بەڵام چالاکییەکانی لە ڕێگای جۆراوجۆری یاسایی و نایاسایی قەدەغە و سنووردار کراوە.

ئەگەر پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە دەبێ بڵێین؛ هەڵبژاردن لە بەستێنێکی توتالیتێر و لە ژێر چاوەدێریی تەواوی شۆرای نیگابانـدا بەڕێوە دەچێ و دەبێ بایکۆت و بەشداریی هەڵبژاردنیش لەو بەستێنەدا باسی لێبکرێت و تاوتوێ بکرێت.

بەو مانایە کە هەڵبژاردن لە پێکهاتەیەکی تۆتالیتێردا بەڕێوە دەچێ و لەو نێوانەدا لەلایەن هەڵسووڕێکی ڕێگەپێنەدراوەوە بایکۆت وەک لایەنێکی سیاسیی کوردستان دەکرێت.

هەر لەو بەستێنەشدا، بەشێک لە خەڵک بەبێ ئەوەی خۆیان وەک ڕێکخراو یان لایەنی سیاسی پێناسە بکەن، بەپێی دۆخێک کە تێدان و بژاردەیەک کە لەبەردەستیاندایە، لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەن، بایکۆتکاران، لەو باوەڕەدان بۆ گۆڕینی دۆخی هەنووکە دەبێ کۆی هەڵبژاردن بایکۆت بکرێ هەتا بەو شێوەیە لە دژی کردارێکی نادێموکراتیک کردەوەیەکی مەدەنی بەڕێوەببرێ.

بەشدار بووانیش لەو باوەڕەدان کە لەپێناو گۆڕینی دۆخی هەنووکە، لە چوارچێوەی دۆخی ڕەخساودا هەنگاو بۆ گۆڕینی دۆخی هەنووکە هەڵبهێنرێتەوە، دیارە لێرەدا باس لەوە نییە کام بابەت لەگەڵ زاتی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەگونجێت؛ بەڵکوو باس تەنیا لەسەر هەبوونی دوو بۆچوونە، خاڵی گرینگی هەردووک بۆچوونەکەش ئەوەیە کە ئەو دوو بۆچوونە لەسەر دڵخوازنەبوونی دۆخی هەنووکە و باوەڕ بە گۆڕینی دۆخی هەنووکە کۆکن.

کەواتە خاڵی هاوبەشی بەشداربووان و بایکۆتکاران لەوەدایە کە دۆخی هەنووکەیی ئێران دۆخی دڵخواز نییە و دەبێت بگۆڕدرێت.

پاش ئەو بابەتە لە چوارچێوەی دوو پرسیاری تردا تاوتوێی هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین.

پرسیاری دووهەم:

چی وا دەکات بەشێک لە خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن؟

ڕوونە کە دەبێ ئەو پرسیارە لە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی خەڵک لە دەسەڵاتێکی توتالیتێردا جواب بدرێتەوە، نەک بە پێوەر و دانگەی هەڵسوکەوتی خەڵک لە چوارچێوەی وڵاتێکی دێموکراتیکدا.

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و تۆتالیتێر لەوەدایە کە لە ڕێگای ئالییەتی نائاسایی و نایاسییەوە خەڵک پێملی خواست و ئیرادەی دەسەڵاتداران بکەن هەتا وای نیشان بدەن کە زۆرینەی کۆمەڵگا لەگەڵیانە و ئەوان تاقە نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگای خۆیانن، کە واتە پێش هەموو شتێک دەبێ بگوترێ: لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریی توتالیتێری کۆماری ئیسلامیدا سەیر نییە کە بەشێک لە خەڵک بەشداریی هەڵبژاردن بەکات، بەڵکوو سەیرە کە خەڵکێک نەبێ بەشداری بکات.

لە ڕاستییدا بەستێنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بەگشتی و بەستێنی سیاسیی "وەرزی هەڵبژاردنەکان" بەتایبەتی وا دەخولقێت، کە ڕێژەیەکی خەڵک ڕاکێشی سەر سندووقی دەنگدان بکرێت، ئەگەر بمانەوێت هۆکاری بەشداریی ئەو بەشە لە خەڵک لە هەڵبژاردنی خولی دوازدەهەمی سەرۆک کۆماری گردوکۆ بکەین، دەتوانین لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا پۆلێنبەندیی هۆکاری ئەو بەشدارییە بکەین:

١: مەترسی لە شەری چاوەڕوانکراو:

لە هەموو پێکهاتەیەکی توتالیتێردا، سەرەڕای دەزگا فەرمییەکان کە بۆ دیپلۆماسیی گشتی دیاریکراوە، کۆمەڵێک دەزگا و ناوەندی نافەرمی بەڵام گرینگ بۆ دیپلۆماسیی گشتی بوونیان هەیە و چالاکی دەکەن، ئەو ناوەندانە هەم نایاساییین، و هەمیش هیچ ناوەندێک کار و کردەوەیان وەئەستۆ ناگرێت، لە ئێستادا ئەو ناوەندانە پێکهاتووە لە ماڵپەر و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە بێناسنامەکان، ماڵپەر و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە زەردەکان و کەسانی سەر بە دەزگا ئەمنییەکان.

کاری سەرەکیی ئەو ناوەندانە، بڵاوکردنەوەی "دەلەسە هەڵبەستراوەکانە"، بنەمای هەموو دەلەسەکانیش لەسەر قازانجی ڕێژیم دانراوە، لە وەرزی هەڵبژاردندا، ئەو ناوەندانە بە ئاستێکی بەرین دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی دەلەسەی جۆراوجۆر و لە هەموو دەلەسەکاندا جۆرێک هەڕەشە هەیە. بۆ وێنە دەگوترێ: هەرکەس دەنگ نەدا یارانەی نادرێتێ یا ڕێگە لە چوونی بۆ زانکۆ دەگرن، لێرەدا ئەگەر سەیری بکرێت، لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی ڕێژیمدا هەڕەشەیەک وەک مەترسی_دەلەسە لە قۆناغێکی کاتی و لە ئاستێکی بەربەڵاودا بڵاو دەبێتەوە، ئامانج لە داتاشینی مەترسی_دەلەسە ئەوەیە خەڵک لە ڕێگای هێنانە گۆڕێی مەترسییەک ناچار بە کارێک بکەن. بۆ بەو بابەتە دەڵێم مەترسی_دەلەسە، چونکوو مەترسییەکە لە ڕاستییدا جۆرێک دەلەسەیە، بەڵام دەلەسەیەک کە دەتوانێ ئامانجی خۆی بپێکێت و ترسێک لە دەروونی تاکی کۆمەڵگادا بنێتەوە و ناچاری بکات بە پێچەوانەی خواستی دەروونیی خۆی کردەوەیەکی دڵخوازی ڕێژیم بەڕێوە ببات.

لە پرسی مەترسی_دەلەسەدا کەسانی سەر بە بەسیج و ئەندامانی سپای پاسداران وەک تۆڕێکی مرۆیی لە بڵاوکردنەوەی دەلەسە و ترسی پشت ئەو دەلەسەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێرن.

٢: هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتردا:

دەنگ لە کوردستان بەردەوام، دەنگی سەلبییە. بە دوو واتا:

یەکەم: لە ٧ هەڵبژاردنی پێشووی سەرۆک کۆماریدا، دەنگی خەڵکی کوردستان بۆ پاڵێوراوێک بووە کە لە ڕای گشتیدا وا دەرکەوتووە ئەو پاڵێوراوە کەسی ناکۆک لەگەڵ سیاسەتەکانی خامنەییە، بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ١٣٧٢ خەڵک دەنگ بە ئەحمەدی تەوکلی دەدن لە بەرانبەر هاشمی ڕەفسنجانی کە بە کەسی نزیک لە خامنەیی لە قەڵەم دەدرا.

دووهەم: بەردەوام دەنگ بە پاڵێوراوێک دراوە کە لە ڕووی کردەوەی سیاسییەوە، بە کەسێکی ڕیفۆرمخواز و نادەمارگرژ ناسراوە و وەک دەبینین، بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ١٣٩٦دا پارێزگای سنە لە ئاستی ئێراندا بەشێوەی ڕێژەیی کەمترین دەنگی داوە بە ئیبراهیم ڕەئیسی.

٣: دەنگ بۆ مافە نەتەوەییە سەرەتاییەکان

هەرچەند لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ١٣٩٦دا جارێک لەلایەن حوسێن زولفەقاری، جێگری ئەمنیی وەزیری نێوخۆی ئێران و جارێک لەکاتی بانگەشەدا لەلایان عەلی خامنەییەوە باس کردن لە بابەتی مافی نەتەوەیی و مافی کەمینەی ئایینی قەدەغە کرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای بانگەشە بۆ هەڵبژاردن لە کوردستان لە ٦ هەڵبژاردنی ڕابردوودا، لەسەر دابینکردنی مافی نەتەوەیی و لابردنی هەڵاواردنی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی ماددەی ١٥ و ١٩ی دەستووری ئێران بووە.

ڕاستە هیچ کام لە پاڵێوراوەکان پاش ئەوەی گەیشتنە پلەی سەرکۆماری، وادە و بەڵێنەکانیان وەدی نەهێناوە، بەڵام لێرەدا باس لەسەر وەدی هێنانی وادەکان نییە، پرسەکە ئەوەیە لە چ ڕێگایەکەوە خەڵک دەکێشنە سەر سندووقی دەنگدان، وەک دەشزانن بنەمای بانگەشەی پاڵێوراوەکانی سەرۆک کۆماری لە کوردستان بەڕێوەبردنی ماددەی ١٥ و ١٩ی دەستووری ئێرانە.

٤: نەبوونی تریبۆنێک بۆ کوردستان:

چوارەمین هۆکاری ئەوەی ڕێژەیەکی خەڵکی کوردستان لە دەنگدانی ڕێژیمدا بەشداری دەکەن، نەبوونی تریبۆنێکی کوردییە کە لەو تریبۆنەدا شرۆڤەکاران بابەتی هەڵبژاردن لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی کوردستانەوە، لێکدانەوە بۆ پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی، هەڵبژاردن و گەڵاڵەی پاڵێوراوەکان بکات. هەموو تریبۆنەکان کە باس لە هەڵبژاردن لە ئێران دەکات، تاوتوێ کردنی باسەکەیان لە ڕوانگەی قازانج و بەرژەوەندیی ناوەند و نەتەوەی فارسەوەیە، نەک لە ڕوانگەی نەتەوە نافارسەکانی ئێرانەوە.

هاوکات نەبوونی تریبۆنی کوردستانیش دەرفەتی ئەوە دەخوڵقێنێت کە بەردەوام پاڵێوراوەکانی سەرۆک کۆماری بتوانن بە بەڵێنی دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی بێنە کوردستان و بەڵام هیچکاتیش ئەو مافانە تەنانەت لە چوارچێوەی دەستووری کۆماری ئیسلامیشدا جێبەجێ نەکەن.

٥: هەبوونی سانسۆر و ڕێگەپێنەدراویی حیزبە کوردییەکان:

حیزبە کوردییەکان بەپێی یاسای کۆماری ئیسلامی نایاسیی و ڕێگاپێنەدراون تاکوو بە ڕاشکاوی بانگەشە بۆ بیروبۆچوونی خۆیان لە کۆمەڵگای کوردستاندا بکەن و تەنانەت هەموو ڕاگەیاندنەکانیشان ئەگەر بە شێوەی ماڵپەر و لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە بێ، فیلتێرکراوە و ئەگەر کاناڵ و سەتەلایت بێت، پارازیتی دەخرێتە سەر، ئەوەش وادەکات پێوەندیی کارتێکەریی نێوان لایەنی سیاسیی کوردستان و جەماوەری کوردستان لاواز و تەنانەت بپچڕێت.

هاوکات لەگەڵ ئەوە دەرفەت دەدرێت بە لایەنی لاینگری ڕێژیم کە تەنانەت بێ لەبەرچاوگرتنی هێڵە سوورەکانی نێوکۆماری ئیسلامییش، بانگەشە بۆ خۆی بکات، باشترین وێنا بۆ ئەو بەشە ئەوەیە کە لە خاڵی سێدا باسی کرا. لەگەڵ ئەوەی خامنەیی بە ڕاشکاوی داوای کرد بانگەشە لەسەر مافی نەتەوەیی نەکرێ، پاڵێوراوەکان هەرچەند کەمتر لە جارانی پێشوو، بەڵام بانگەشەیان لە کوردستان لەسەر مافی نەتەوەیی بوو، بە جۆرێک کە لە دوایین دیبەیتی پاڵێوراوەکان، ئیبراهیم ڕەئیسی ڕوو لە حەسەن ڕۆحانی گوتی: تۆ زمانی کوردیت ئازاد نەکردووە، بەڵکوو خودا ئازادی کردووە و ئەوە دەستووری کۆماری ئیسلامییە کە ڕێگا دەدا ئەو زمانە بخوێندرێ.

لەو ڕستەیەدا بە جوانی دەردەکەوێت کە بانگەشە لەسەر بنەمای دابینکردنی مافی نەتەوەیی کارتێکەریی زۆری لەسەر کۆکردنەوەی دەنگ بۆ ڕۆحانی هەیە، بۆیەش بەو شێوەیە ئیبراهیم ڕەئیسی لەدژی قسەی کرد.

٦: هاوکات بوونی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و شۆرای شار و گوند:

لە دوو خولی پێشووی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا ئەو هەڵبژاردنە، هاوکات بووە لەگەڵ هەڵبژاردنی شۆرای شار و گوندەکان. وەک هەموو دەزانن، لە هەڵبژاردنی شۆرا بەتایبەتی هەڵبژاردنی شۆرا خولی پێنجەم، ڕێژەیەکی زۆر پاڵێوراو لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون و ئەوەش وادەکات هەڵبژاردنێکی لۆکاڵی لەگەڵ هەڵبژاردنێکی سەرانسەری تێکەڵ بکرێت و بێگومان هەڵبژاردنی لۆکاڵی کارتێکەری لەسەر بردنە سەرێی ڕێژەی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی سەرانسەریدا دەبێت.

٧: هەڵبژاردنی بێ چاوەدێر:

پاش هەموو ئەو لێکدانەوانە دەبێ لە بیرمان بێ کە هەڵبژاردنەکانی ئێران بە بێ چاوەدێری بێ‌لایەن بەڕێوە دەچێ. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییش، بەشداریی ڕێژەی زۆری خەڵک لەو هەڵبژاردندا بە ستراتیژییەکی خۆیان دەزانن، بۆیە هەر توێژەرێک مافی ئەوەی هەیە گومان بخاتە سەر کۆی ئاماری بڵاوکراوە. بۆ ڕوون بوونەوەی ئەو بابەتە دەبێ بڵێین ئەگەر وەزارەتی نێوخۆی ئێران ڕازی بێ، بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی دەنگی پاڵێوراوەکان ڕێژەی گشتی بەرێتە سەرێ، هیچ پاڵێوراوێک زەرەر ناکات، بەڵام کۆی گشتییەکەی دەتوانێ وەک زەختێک بەکار بهێنرێ بۆ سەر بەرەی بایکۆت، ڕوونە کە لە ڕوانگەی هەموو پاڵێوراوەکانەوە پێویستە بەرەی بایکۆت پەراوێز بخرێت.

پرسیاری سێهەم:

- ئایا بەشداری کردنی خەڵکی کوردستان لە دەنگدان بەمانای بێ‌متمانەیی بەو هێزانەیە کە سیاسەتی بایکۆت دەگرنەبەر؟

لێرەدا پێویستە شێوازی چالاکیی لایەنە کوردییەکان لە کوردستان بێنینە بەرباس. لایەنە سیاسییە کوردییەکان وەک ڕێکخراوە، ڕێگەپێنەدراون و هەرکەس یا لایەنێکیش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی گوتاری ئەواندا، لە نێوخۆی ئێران چالاکی بکات، دەکەوێتە ژێر زەختی دەزگا تەناهییەکانی ڕێژیمەوە و هاوکات لەگەڵ ئەوە هەموو ڕاگەیاندنەکانی لایەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات ڕێگاپێنەدراو و ڕێژیم بەردەوام لە هەوڵدایە ڕێگای گەیشتنی ڕاوبۆچوونی لایەنە کوردییەکان بە کۆمەڵگای کوردستان بگرێت، کەواتە جۆری چالاکیی سیاسیی لایەنە کوردییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا "هەڵسووڕی قەدەغەکراوە" و هیچ لایەنێکی کوردی ناتوانێ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و لە هەڵبژاردنەکانیدا نوێنەری هەبێت، چ نوێنەر وەک هاوپەیمان و چ وەک کەسی باوەڕپێکراو، کەواتە تەنیا بژاردەی بەردەمی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بایکۆت کردنە، بەڵام ئەو بایکۆت کردنە هەرچەند داواکارییەک لە خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە بابەتی هەڵبژاردن لە ئێراندا

# ئەزموونی دامەزرانی ئیسرائیل و چەند وانەیەک

ئەلبۆرز ڕووئین تەن

کەس ناتوانێ نکۆڵی لە هەبوونی ئیسرائیل وەکو وڵاتێکی بەهێز لە ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات. ئەو هەبوونە بە مێژووی کورت و هێزی زۆری ئابووری و سەربازی هەیەتی زۆر سەرنجڕاکێشتر دەبێت. ئیسرائیل هەشت میلیۆنونیو ڕێژەی دانیشتوانیەتی بە ڕووبەرێکی کەمەوە لەگەڵ ئۆردۆن، سووریە، لوبنان و میسر دراوسێیە و لە سەر دەریای مدیترانە هەڵکەوتووە.
ئیسرائیل لەلایەک بە هۆی نەبوونی ئاشتی و کێشە لەگەڵ بەشێک لە ڕێکخراوەکانی فەلستینی و هەبوونی ژمارەیەک فەلستینی کە لە فلستین بۆ ئۆردن و سووریە و لوبنان و هەموو دونیا ئاوارە بوون و چارەسەر نەبوونی ڕیشەی ئەو گرفتانە وەک سەرچاوەی یەکێک لە گرفتەکانی دونیا دەناسرێت. لەلایەکی دیکەوە وەک وڵاتێکی پێشکەوتوی دونیا کە لە ڕوی ئابووری و تێکنۆلۆژی و هەروەها هەبوونی چەکی ناوکی بە نمونەیەکی دێموکراتیکی نێوخۆیی بێ گرفت لە ناوچەی ئاڵۆز و پڕ لە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوی دەرکردووە.
ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، زیاتر لە بارودۆخی سیاسیی ئێستا و دروست یا هەڵە بوونی سیاسەتەکانی چۆنیەتیی دروست بوونی ئەو وڵاتەیە کە دەتوانێ سەرنج ڕاکێش بێت، بەتایبەتێ بۆ ئێمەی کورد کە خولیای سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافی چارەنووس و مافە زەوتکراوەکانمانین. هەر بۆیەش بە چاو خشاندنێکی کورت بە مێژووی دامەزاندنی ئیسرائیلدا و هەڵسەنگاندنێکی کەم لەگەڵ کوردستان، دەتوانین هێندێک خاڵی بەسوود هەڵێنجێنین. بێگومان مەبەست ئەوە نییە هەڵسەنگاندنێک یا لێکچواندن بکەین، بەڵکوو مەبەست خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ڕەخساندنی دەرفەت و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانە دەتوانێ هەندێک بابەتی پێویست تەنانەت بۆ ئەوڕۆی کوردی لێ دەربکرێت.
باوکی سەهیونیزم و دەوڵەتی یەهوود، تێئۆدۆر هێرتسێل بوو کە دەرچووی بەشی یاسای زانکۆی ڤییەن بووە و وەکو ڕۆژنامەوان کاری دەکرد. سەرچاوەی دروستبوونی ئەو بیرۆکەیە کە دەبێ دەوڵەتی یەهوود بۆ یەهوودییەکانی دونیا دروست بکات، لە نێوئاخنی بەڕێوەچوونی دادگای ئەفسەرێکی یەهوودی-فەڕانسەیی لە ساڵی ۱۹۸٤کە بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئەڵمانەکان دادگایی دەکرا دروست بوو.
لەو دادگایەدا تێئۆدۆر هەستی بە ستەمی سەر یەهوودییەکان کرد و بە جۆرێک بە کەم زانینی یەهوودییەکان دەبینێ. هەر بۆیەش ئەو ستەم و بە کەم زانینە وایکرد کە تێئودۆر هەست بەوە بکات لە بەر ئەوەی یەهوودییەکان دەوڵەتێکیان نییە، ئاوا دەکەونە ژێر ستەم و بێ ڕێزی و بە کەم زانین. ئەو بیرۆکەیە دواتر بە شێوەی کتێبێک لەژێرناوی "the jewish state" واتە دەوڵەتی یەهوود، چاپ و بڵاو کرایەوە.
بەکورتی ئەو کتێبە ئاماژە بە نەتەوەیەکی بێ وڵات دەکات و هەروەها شوێنێک کە دانیشتوانی نییە، کەواتە دەبێ لەو شوێنە وڵاتی یەهوود دابمەزرێت بۆ ئەوە کۆتایی بهێنێ بەو چەوساوەییە. دوای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە، پێشوازیی زۆری لێکرا، هەر بۆیەش لە ساڵی ۱۸۹۷ لە شاری پازلی سوویس بە بەڕێوەبەریی تێئودۆر هێرتسێل کۆنفراسێک بۆ یەهوودییەکان پێکهێنرا کە دواتر بە دەستپێکی ڕێبازی سەهیونیزم زانرا و لەوێدا لەسەر بیرۆکەی تێئۆدۆر و دامەزراندنی دەوڵەتی یەهوود پێکهاتن.
ئەو بابەتە لە نوسینێکی تێئۆدۆردا باش دەردەکەوێ کە دوای کۆنفرانسەکە ئاماژە دەکات و دەڵێ: ئێستا زۆر ماندووترم لەوەی شتێک بنووسم، بەڵام لە هەموو کات زیاتر پێویستە، چوونکە ئێستا بناغەی دەوڵەتی یەهوودم دامەزراند، ئەگەر ئەو پرسە بەئاشکرا بڵێم، لەوانەیە بە شێتم بزانن کە دوای پێنج یا پەنجا ساڵی دیکە ئەو دەوڵەتە دادەمەزرێت.
بەڵێ ئەو پرسەی کە تێئۆدۆر بە ئاشکرا هاواری نەکرد، بەڵام بە نووسین ئاماژەی پێکرد، لە ساڵی ۱۹٤۸ بە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە فلستینی ئەو کات و ئیسرائیلی ئێستا دامەزرا.
بەڵام دوای دروست بوونی بیرۆکە و کۆکردنەوەی یەهوودییەکان بەدەوری ئەو بیرۆکەیەدا، لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەدا تێکۆشانێکی زۆر لەلایەن بەشێکی بەرچاوی یەهوودییەکانی دونیا کرا کە ئاکامەکەی دروستبوونی ئیسرائیل بوو. ئەو تێکۆشانە ئەگەر بەکورتی بخرێتە بەرباس، لە سێ بەشی پشتگیری بەهەموو شێوەیەکی یەهوودییان و کاریگەرییان لەسەر وڵاتە زلهێزەکان لە ڕێگەی لۆبیگەری و هەروەها دامەزراندنی بناغەی هێزی ئیسرائیل لەلایەن بریتانیاوە بوو .
سەرەتا ئەو پشتگیرییە لەلایەن بەشێکی بەرچاوی یەهوودییەکانی دونیا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چوونکە ئەو پەرتەوازەیی یا دور بوون یا هەبوونی پلە و پایە و باری ئابووریی باش، نابێتە هۆی ئەوەی کە یەهوودییەکان دامەزرانی دەوڵەتی یەهوود بە پێویست نەزانن، چوونکە ستەمی بێ ئەملاوئەولای هەندێک وڵات و بە کەم زانینیان ببووە هۆکاری ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەت بە تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی خۆیان بزانن، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە دەستیان دێت بۆ خزمەت کردن بەو بیرۆکەیە ئەنجامیان دا، هەر بۆیەش لە ماوەیەکی کەمدا توانیان بە لۆبی کاریگەری لەسەر وڵاتانی وەکو بریتانیا و ئەمریکا دروست بکەن. بۆ خۆشیان بین بە بەشێک لەو هەوڵانە لە گواستنەوەی یەهوودییەکان بۆ ئیسرائیل. بگرە تا دروستکردنی خانوو و زەویی جوتیاریی و زۆر بابەتی دیکە، ئەو پرسە ببوە هۆکاری ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی دانیشتوانی یەهوودی بە شێوەی بەرچاو بەرزببێتەوە.
ڕێکخستنی یەهوودییەکان لەنێو سوپای بریتانیا وەک تیم و دواتر هێزی تایبەت کە تا ساڵی ۱۹٤۸ ژمارەیان گەیشتە نزیک چل هەزار کەس، هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی ئیسرائیل بوو. لێرەدا دەبێ ئەو خاڵە گرنگەی پاراستن و پێشخستنی نەتەوەیەکی ژێر ستەم بە هێزی خۆی ناو ببەین. ئەو هێزە بەو ژمارە کەمەوە توانیی تەنیا یەک ڕۆژ دوای دامەزراندنی ئیسرائیل لە بەرانبەر هەموو هێزەکانی عەرەب کە هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل بە هاوکاریی بریتانیا و وڵاتانی دیکە بەرگری بکات و عەرەبەکان ببەزێنێت و بنەڕەتی حکوومەتی خۆیان دوای ئەو شەڕە زۆر پتەوتر بکەن کە لە هەموو شەڕەکانی دیکەش دژی عەرەبەکان، بتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن.
هەروەها لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردوودا، هەبوونی دێموکراسییەکی باش و هەبوونی حکوومەتێکی سێکۆلار توانیویەتی ئیسرائیل لە نێوخۆیدا بەهێز بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەروە زۆر بەهێز بێت و ئێستا وەک وڵاتێکی بەهێزی جیهان لەسەر پێ ڕابوەستێت.
بە چاوخشاندنێکی زۆر کورت بەو مێژووەدا دەکرێ بەراورد بکرێ کە بۆچی کورد نەیتوانیوە خاوەنی دەوڵەت بێ، بەڵام ئیسرائیلییەکان خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێزن.
سەرەتای دروستبوونی بیرۆکەی دەوڵەت، بە هەست کردن بە چەوساوەیی و هەبوونی دەوڵەتە بۆ پێشگیری لە چەوساوەیی، یەهوودییەکان بە باشترین شێوە کەڵکیان لەو بابەتە وەرگرتووە، بەڵام نەتەوەی کورد بە درێژایی سێ سەدەی دوایی، بەردەوام کۆمەڵکوژ کران و بە دڕندەیی پاکتاو کران و هەموو مافەکانیان پێشێل کران و تەنانەت وەک کۆیلە سەیر کراین، بەڵام نەمانتوانیوە ئەو ستراتیژییە بکەینە بنەمای خەبات و تێکۆشانمان کە دەبێ ئێمەی کورد ویستی هەبوونی دەوڵەت و مافی چارەنوسی خۆمان بکەینە هەوێنی کار و تێکۆشانی هەموو لایەکمان. ڕاستە بەردەوام شۆڕش و فیداکاری هەبووە، بەڵام هەموو کۆمەڵگای لەخۆ نەگرتووە تا بتوانین خەباتێکی چڕوپڕ بەڕێوە بەرین بۆ ڕزگاریی یەکجارەکی وەک ئەوەی لە ئیسرائیل کرا، ئەو بیرۆکەیە لە کۆنفرانسێکدا و لە وڵاتێکی دوور بیچمی گرت کە تەنانەت لە سەر خاکی خۆیان نەبوون، بەڵام ئیرادەی ئەو ویستەیان هەبووە.
بابەتی دووەم دوای دروست بوونی بیرۆکەی دەوڵەتی یەهوود، هەموو پێکهاتەکانی یەهوودی لە هەر شوێنێکی دونیا بن، بە هەر ڕێکارێک بە پێویستی بزانن و بتوانن، پشتیوانییان لە دۆزەکەیان کرد. ئێمەی کورد لەو بوارەشدا زۆر لاوازین. بە بەراوردی ژمارەی ئەو کەسانەی خزمەتی دۆزەکەمان دەکەن، ژمارەیەکی زۆرمان هەیە کە بێ خەمن یا تەنانەت بۆیان گرنگ نییە چارەنووسی نەتەوەکەیان چی بەسەر دێ.
بابەتی سێیەم کە ئیسرائیلییەکان لەچاو ئێمە کاریان ئاسانترە، ئەویش دوژمنانی ئیسرائیلی ئەوکات واتە ئیمپراتوریی عوسمانییە کە لاواز و دواتر تا سنووری ئێستای تورکیە دەکشێتەوە. هەروەها عەرەبەکان کە لە نێو خۆیاندا یەکگرتوو نەبوون. بەپێچەوانە دوژمنەکانی کورد لەهەمبەر پرسی نەتەوەی کورد هەموکات یەکگرتوو و بەهێز بوون.
بابەتی چوارەم پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە ئیسرائیل بە هۆی هەبوونی یەهوودییەکان لە هەموو شوێنێکی کاریگەر، زۆر زیاتر بووە لە ئێمەی کورد. بەڵام بابەتی یەکەم و دووهەم ئەگەر لە نێو کورددا هەبا، ئێمەش دەمانتوانی ئەو پشتگیرییە بەدەست بێنین.
بێگومان هەر وەک لە سەرەتادا باس کرا، لێکچواندنی تەواو دروست نییە، بەڵام کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی گەلان بۆ سەرخستنی دۆزی گەلەکەمان پێویستە. لەو نێوەدا ئێمەی کورد خاوەنی توانای زۆرین، ئەگەر ئیرادە و ڕێکاری پێویست بگرینەبەر دەتوانین ئێمەش لە ماوەیەکی کورتدا دەوڵەتێک بۆ پێشگیری لە چەوساوەیی بێوێنەمان دروست بکەین.

درێژەی لاپەڕە ٦

بەرێتە ژێرپرسیارەوە، نەک ئەوەی بەربەست بۆ خەڵک ساز بکات. کەواتە لێرەدا دەبێ بڵێین بە هۆی ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە کۆی هەڵبژاردندا هەڵسووڕێکی قەدەغە کراون، یەکەم: ئەوان ناتوانن هەڵبژاردنێک بە باش بزانن یان داوای بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن کە تێدا قەدەغە کراون و دووهەم: ناکرێت بڵێین دەنگدانی خەڵک واتای ئەوەی هەیە خەڵک ستراتژی و ئامانجی ئەو لایەنانەیان قبووڵ نییە و لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامییان قبووڵ کردووە، بەڵکوو لێرەدا وەک لە پرسیاری دووهەمیشدا ڕوون کرایەوە، ئەگەر هۆکاری دەنگدان لەبەرچاو بگرین، بەشێک لە هۆکارەکان ناچاری و زۆرەملێیە و بەشی دووهەمیشی لەڕاستیدا بەکارهێنانی دەرفەتە بچووکەکانە لە پێناو هەمان ئامانج کە وەک ئامانجی ستراتیژیی لایەنە کوردییەکان باسی لەسەر دەکرێت.
بۆ وێنە هێندێک لە خەڵکی کوردستان داواکاریی ڕوونیان، بەڕێوەچوونی ماددەی ۱۵ و ۱۹ دەستووری ئێرانە و بنەمای بانگەشەی ئەو لایەنەی کە لە کوردستانیش دەنگ دێنێتەوە، بەڕێوەبردنی هەمان ماددەیە. لەگەڵ ئەوەی کە لایەنە کوردییەکان بەو دوو ماددەیە ڕازی نین، بەڵام هۆکاری ڕازی نەبوونیان ئەوەیە کە ئەوان ئەو دوو ماددەیە بۆ کوردستان بەکەم دەزانن، نەک ئەوەی دژی بەڕێوەچوونی بن یا بەڕێوەچوونی بە قازانجی ئامانجە ستراتیژییەکەی خۆیان نەزانن.
کەواتە بەشێک لە خەڵکی کوردستان نەک بۆ دژایەتی کردنی گوتاری نەتەوەیی_دێموکراتیک، بەڵکوو لەپێناو دەستەبەرکردنی لانیکەمەکانی ئەو گوتارە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەن و باشترین بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە کە لە ٦ هەڵبژاردنی پێشوودا، زۆرینەی دەنگ بۆ کەسێک بووە، کە بنەمای بانگەشەکەی لە کوردستاندا لەسەر بەڕێوەچوونی ماددەی ۱۵ و ۱۹ی دەستووری کۆماری ئیسلامی بووە.
لە ڕاستییدا دیوێک لە بەشداریی خەڵکی کوردستان هۆکارەکەی ئەوەیە کە گوتاری نەتەوەیی_دێموکراتیک کە لە چوارچێوەی لایەنێکی سیاسی و ڕێکخراوەیەکی تایبەت دەرباز بووە و بە تەواوی شۆڕبۆتەوە بۆ نێو خەڵکی کوردستان، خەڵک لە دەرەوەی ئیرادەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵام بە مەبەستی دابین‌کردنی ستراتیژی هەمان گوتار هەنگاو هەڵدەهێننەوە، هەرچەند ئەو هەنگاوانە هەتا ئێستاش ئامانجی خۆیان نەپێکاوە. لێرددا ئەوە گرنگە کە کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بۆ ڕاکێشانی دەنگی خەڵکی کوردستان، ناچارە بە درۆش بێ، باس لەسەر ئەوە بکا کە مافی نەتەوەی کوردی قەبووڵە و دابینی دەکات؛ کەواتە گوتاری نەتەوەیی_دێموکراتیکی کوردستان ڕەگی لە نێو خەڵکی خۆیدا داکوتاوە، بۆیەش داگیرکەر بەجێگای ئەوەی بەرەوڕووی بێتەوە، هەوڵدەدات بە قازانجی خۆی بەکاری بێنێ.
بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە بەشداری کردنی خەڵکی کوردستان بە واتای پشتکردن لە گوتاری نەتەوەیی_دێموکراتیکی کوردستان نییە، قسەی "محەمەد باقر قالیباف"ە. قالیباف لە دووهەمین دیبەیتی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردنی خولی دوازدەهەم کە ڕاستەوخۆ لە کاناڵ یەکی ئێرانەوە بڵاوەبۆوە گوتی: "من لە سەردەمێک کە سەرۆکی پۆلیسی ئێران بووم، تەنانەت لە کوردەکانیش وەک بەڕێوەبەر کەڵکم وەرگرتووە".
ئەو قسەیە لە نێوان بابەتی بەشداریی نەتەوەکان لە بەڕێوەبەریی ئێراندا و پاش تووڕەبوونی قالیباف کرا، گرنگیی ئەو قسەیە لە وشەی "تەنانەت"دایە و نزیکترین واتای ئەو قسەیە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی کوردستان هیچ کات لانیکەمەکانی کۆماری ئیسلامیان نەهێناوەتە دی و بۆ کۆماری ئیسلامی جێگای متمانە و باوەڕ نەبوون و نیین، ئەوە لەکاتێدایە کە بەپێی ئاماری خودی ڕێژیم دەبێ هەموو جارێک خەڵکی کوردستان لە نێوان ٦٠بۆ ٪٦٥ بەشداری هەڵبژاردن بوبێتن.
ئەگەر بمانەوێت هەموو لایەنەکانی بەشداریی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردن تاوتوێ بکەین بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ یەکێ لە ئامانجەکانی خەڵکی بەشدار لە هەڵبژاردندا، گرنگیدان بە دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی و ئەوەش مانای ئەوەیە کە خەڵکی بەشداربوو لە هەڵبژاردن، نەک باوەڕپێکراوی کۆماری ئیسلامی نین، بەڵکوو مەترسین بۆ سەر کۆماری ئیسلامیش، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو خەڵکە هەم دەنگەکەیان دەنگی نەرێ (سەلبی)یە، واتە بەردەوام ئەوان "نا"یان بە باڵێک لە ڕێژیم گوتووە کە ئەو باڵە هەموو دەسەڵاتە، دانراوەکانی (انتصابی) لەژێر دەستدایە و عەلی خامنەیی سەربەو باڵەیە، هەم یەکێ لە گرنگترین هۆکاری ئەوەی دەچنە سەر سندووقی دەنگدان ئەوەیە کە دەزگا تەبلیغییەکانی ڕێژیم تەماحی ئەوە وەبەر خەڵک دەنێن کە لانیکەمی مافە نەتەوەییەکانیان لەلایەن ڕێژیمە دەستەبەر دەکرێت. ڕەنگە لێرەدا بگوترێ ڕێژیم هیچ بەڵێنێکی ناگەیەنێتە جێگا. ئەو قسەیە زۆر ڕاستە، بەڵام ئەوەی ڕێژیم ناچارە بۆ ڕاکێشانی دەنگی خەڵکی کوردستان باس لەسەر بەڕێوەبردنی ماددەی ۱۵ و ۱۹ دەستووری خۆی بکات، بە واتای ئەوەیە ڕێژەیەکی کەمی خەڵک ئەگەر فریوی ڕێژیمش بخۆن، تەنیا لە ڕێگای بەڵێنی دەستبەرکردنی مافی نەتەوەیی فریوی ئەو ڕێژیمە دەخۆن.

**کۆتایی**

هەڵبژاردن لە ئێراندا لە بەستێنێکی نائاساییدا بەڕێوەدەچێ و هەڵبژاردنێکی نادێموکراتیک و ناتەندروستە. لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە بەستێنی سیاسیی ئێراندا "هەڵسوڕی ڕێگەپێنەدراون" و بژاردەیەک جیا لە بایکۆتی هەڵبژاردنیان لەبەردەستدا نییە، بەڵام بایکۆت بە واتای ئەوە نییە کە بەربەست بۆ هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستان ساز بکرێت، بەڵکوو بە واتای ئەوەیە هەڵبژاردنەکانی ئێران نادێموکراتیک و ناتەندروستە و لە ڕێگای ئەو هەڵبژاردنە ناسالم و نادێموکراتیکەوە مافی کورد و نەتەوە ژێردەستەکان دابین ناکرێ و گەر لایەنێک بەڕاست و دوور لە فریوکاری هەوڵ بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی و هێندێ چالاکیی سنووورداری نەتەوەیی بدا، ئەوە نەک لە دژی لایەنی بایکۆت نییە، بەڵکوو بە قازانجی ئەوانیشە، بە مەرجێک لانیکەمەکان دابین بکرێت. بەڵام دابین ناکرێت بەو هۆیەی کە کۆماری ئیسلامی لە قۆناغێکدایە کە تەنانەت بەڕێوەچوونی دەستووری خۆیشی بەمەترسی لەسەر خۆی دەزانێ.

## دیدار له‌گه‌ڵ شه‌ریف فه‌لاح، نووسه‌ر، شاعیر و وه‌رگێڕ

# ته‌وه‌ر: ئه‌ده‌بی به‌ره‌نگاری و ڕاپه‌ڕینخوازانه

ئا: شه‌هرام میرزایی

**کوردستان- ڕوانگه‌ی ئێوه سه‌باره‌ت به‌ ئه‌ده‌بی به‌رگری چییه‌، ئایا ده‌بێ ئه‌ده‌ب ده‌روه‌ست و به‌رپرسیار بێت؟**

**شه‌ریف فه‌لاح:** ئه‌ده‌ب له‌ جه‌وهه‌ری خۆیدا گه‌ر واتای خزمه‌ت به‌ مرۆڤ و مرۆڤایه‌تی و خستنه‌ڕووی برک و ئێش و ئازاره‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ بێت، ناتوانێ له‌ نێوه‌رۆکی کۆمه‌ڵایه‌تی دابراو بێت و ئه‌رکی ئه‌ده‌ب هه‌ڵوێسته‌ له‌ هه‌مبه‌ر نادادپه‌روه‌ری کۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی و سه‌رجه‌م کایه‌ فه‌رهه‌نگییه‌کانی کۆمه‌ڵ. ئه‌ده‌بێک له‌پێناو که‌رامه‌تی ئینسانی و به‌ها مرۆییه‌کان نه‌خولقێ، ته‌مه‌نی کورته‌ و مه‌رگی پێش داهێنه‌ره‌که‌ی ده‌که‌وێت. به‌ڕای من ده‌بێ ئه‌ده‌ب زاده‌ی واقیع و ڕاستییه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ بێت، به‌ڵام به‌ مه‌رجێک زمان و ده‌ربڕینی ئه‌ده‌بیانه‌ و به‌دوور بێت له‌ دروشم و قسه‌ی ڕووت. ئه‌ده‌بێک ده‌روه‌ستبوون و خه‌مه‌ جڤاتییه‌کان ئاراسته‌ و ڕاسته‌ڕێی دیاری نه‌که‌ن، ناتوانێ ئاوێنه‌ی باڵانوێنی کۆمه‌ڵ بێت، واته‌ ئه‌ده‌ب ئه‌وکاته‌ به‌ نه‌مری ده‌مێنێته‌وه‌ که‌ به‌رانبه‌ر ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ی تێدا ده‌خولقێ به‌رپرسیار بێت و ببێته‌ زمان و ده‌لاقه‌ی ڕوانینی تاک به‌ تاکی. بۆ ئێمه‌ی کورد که‌ دوژمنی غه‌دار و خوێنمژ چوار ته‌نیشتیان لێ ته‌نیوین و چنگیان ناوه‌ته‌ بینه‌قاقامان و ناسنامه‌ی بوونمان له‌ مه‌ترسی دایه‌، ئه‌ده‌ب چه‌کێکه‌ بۆ پێناسه‌ی بوون، هونه‌ر له‌لامان هاواری ڕاچه‌نینی نه‌ته‌وه‌یه‌که‌ که‌ مرۆڤایه‌تی و ئازادی و ڕزگاری له‌ده‌ست زوڵم و چه‌وسانه‌وه‌ و گه‌یشتن به‌ سه‌ربه‌ستی و پێکه‌وه‌ژیان ئامانجیه‌تی.

**کوردستان- ڕۆڵی ئه‌ده‌بیاتی به‌رگری و شۆڕشگێڕانه‌ له‌ ئه‌ده‌بی کوردیدا چون ده‌بینن؟ ئایا ئه‌ده‌بیاتی کوردی له‌ ڕه‌وتی خه‌باتی گه‌لی کورددا ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هه‌بووه‌، یان نا؟**

**شه‌ریف فه‌لاح:** ئه‌و ڕۆڵ و ده‌وره‌ی که‌ ئه‌ده‌ب و هونه‌ری به‌رگری و شۆڕشگێڕانه‌ی نه‌ته‌وه‌که‌مان به‌ هه‌موو لق و شاخه‌کانییه‌وه‌ له‌ به‌ره‌وپێشبردنی خه‌بات بۆ ئازادیدا گێڕاویانه‌ که‌متر نین له‌ کاریگه‌ریی خه‌باتی سیاسیی و چه‌کداری. چونکه‌ شیعر و هونه‌ری به‌رگری که‌ شاده‌ماری ڕاچه‌نین و ڕاسان و ڕابوونی شۆڕشه‌، مه‌ته‌رێزێکه‌ بۆ ناسنامه‌ و پێناسه‌ی نه‌ته‌وه‌یی، قه‌ڵغانێکه‌ له‌ هه‌مبه‌ر هێرشی داگیرکه‌ر بۆ سڕینه‌وه‌ی زمان و کولتوور. ئه‌وکاته‌ی شێعرێکی ئاگراویی جه‌لالی مه‌له‌کشا، ڕه‌حیم لوقمانی، ئه‌حمه‌د بازگر، فاتێح شێخولئیسلامی (چاوه‌)، ڕێبوار و موسلح شێخولئیسلامی تێکه‌ڵ به‌ سروودی ناسر و نه‌جمه‌ و کاڵێ و قادری ئه‌لیاسی و حه‌مه‌جه‌زای پێشمه‌رگه‌ و قرمه‌ی چه‌کی کوڕ و کیژی پێشمه‌رگه‌ ده‌بێت، هیچ هێزێک توانای به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی نییه‌. کاتێک چریکه‌ی سروودێکی شۆڕشگێڕانه‌ تێکه‌ڵی هه‌ڵمه‌تی به‌ور ئاسای شۆڕشگێڕێکی بوێری نێو سه‌نگه‌ری به‌رخودان ده‌بێت، چیرۆکێک ده‌خولقێ که‌ هه‌تایه‌ به‌ نه‌مری ده‌مێنێته‌وه‌. کاتێک په‌یامی ئه‌ده‌ب و جه‌وهه‌ری هونه‌ر که‌رامه‌تی مرۆڤ بێت، کاتێک چاوگه‌ی چیرۆک و ڕۆمان واقیعی ڕاستییه‌کانی گوند و شار بن، ئیدی دروشمی هونه‌ر بۆ هونه‌ر چ واتایه‌کی هه‌یه‌؟ هونه‌رێک مرۆڤ نه‌هه‌ژێنێ، شیعرێک ختۆکه‌ی هه‌ست نه‌دات، شیعرێک سێڵاوی فرمێسک نه‌ڕژێنێته‌ سه‌ر گۆنا، گۆرانییه‌ک ڕات نه‌چڵه‌کێنێ، په‌خشانێک مووچرکه‌ به‌ له‌شتدا نه‌هێنێ و نه‌تخاته‌ فکره‌وه‌، هه‌ر له‌ناو لانکه‌ی له‌دایکبوونیدا ده‌مرێت. بێگومان شیعر و سروود و گۆرانی و به‌گشتی هونه‌ری به‌رگریی کورد له‌نێو جه‌رگه‌ی شۆڕشی شاخ و شاردا کاریگه‌ریی زۆریان هه‌بووه‌ و کاریگه‌ریی ڕاسته‌وخۆیان له‌ جۆشدانی شۆڕشدا هه‌بووه‌ و حاشای لێ ناکرێت. بۆیه‌ به‌ڕای من ده‌قێک به‌رپرسیار نه‌بێت و به‌گژ نادادپه‌روه‌ری و چه‌وسانه‌وه‌دا نه‌چێت، ده‌قێک به‌ زمانی هونه‌ر نه‌بێته‌ ئاوێنه‌ی باڵانوێنی کۆمه‌ڵ، ناتوانێ ختۆکه‌ی مێشکی تاک بدات و له‌ داهاتوودا له‌بیر ده‌کرێت.

**کوردستان- ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ نموونه‌ بۆ ئه‌م جۆره‌ ئه‌ده‌بیاته‌ بهێنینه‌وه‌ کام شاعیر، یا نووسه‌ری کورد وه‌ک باشقه‌ و لووتکه‌ی ئه‌ده‌بیاتی شۆڕشگێڕانه‌ و به‌رگری به‌ ئه‌ژمار دێن؟**

**شه‌ریف فه‌لاح:** باسکردن له‌ مێژووی ئه‌ده‌بی به‌رگری و ڕاپه‌ڕینخوازانه‌ له‌ پانتایی ئه‌ده‌ب و داهێنانی کورد له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، کات و ده‌رفه‌تی تایبه‌تی ده‌وێت، چونکه‌ به‌ڕای من زیاتر له‌ سه‌دا شه‌ستی شیعر و هونه‌ری کورد ناڕاسته‌خۆ ئه‌ڕواته‌ خانه‌ی ئه‌ده‌بی به‌رگری و شۆڕشگێڕانه‌وه‌ به‌ قۆناغ و تایبه‌تمه‌ندیی جیاوازه‌وه‌. هه‌ر له‌ قۆناغی ئه‌ده‌بی یارسانه‌وه‌ که‌ به‌ره‌نگاری هێرشی سوپای عه‌ره‌ب و ئیسلام بوونه‌ته‌وه‌ و ده‌قی:

"هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان
وێشان شارده‌وه‌ گه‌وره‌، گه‌وره‌کان،
زۆرکاری ئاره‌ب کردنه‌ خاپوور،
گنائی پاڵه‌ هه‌تا شاره‌زوور،
شه‌ن و که‌نیکا وه‌ دیل بشینا،
مه‌رد ئازا تلیاوه‌ رووی هوینا
ره‌وشتی زه‌رده‌شت، مانووه‌ بێکه‌س،
بزیکا و نیکا هورمزد و هیچ که‌س."

خولقاوه‌، هه‌تا سه‌رده‌می خانای قوبادی که‌ خۆشه‌ویستیی زمان وای لێ ده‌کات بڵێ:

ڕاسته‌ن مه‌واچان فارسی شه‌که‌ره‌ن
کوردی جه‌ فارسی به‌ڵ شیرینته‌ره‌ن
مه‌علوومه‌ن جه‌ ده‌ور دونیای به‌د ئه‌ندێش
مه‌حزووزه‌ن هه‌ر که‌س به‌ زوبانی وێش.

یان هاواری فه‌قێ قادری هه‌مه‌وه‌ند، وه‌ک حه‌سره‌تی په‌نگاوه‌ی جه‌ماوه‌ره‌ ستەمدیده‌که‌ی، دێته‌ شریخه‌ و ئاڵای نارەزایه‌تی به‌سه‌ر ترۆپکه‌کانی مێژووه‌ ڕاده‌وه‌شێنێ:

به‌ دام و ته‌زویر به‌ حیله‌ و به‌ فه‌ن
ها که‌فتی نه‌ دام توورکی ئه‌هریمه‌ن
هه‌ر که‌س به‌ تورکان بکه‌رۆ باوه‌ڕ
ئه‌حمه‌ق ئه‌و که‌سه‌ن، جه‌ من ئه‌حمه‌قته‌ر

ئه‌مانه‌ چه‌ند نموونه‌یه‌کن له‌ ئه‌ده‌بی به‌رگری و شۆڕشگێڕانه‌ هه‌تا ده‌گاته‌ قۆناغێک که‌ کورد پله‌یه‌ک له‌ وشیاریی نه‌ته‌وه‌یی ده‌بڕێت و کۆماری کوردستان وه‌ک نموونه‌یه‌ک له‌ ڕێنێسانسی سیاسی و فه‌رهه‌نگی ده‌خولقێت و شاعیرانی وه‌ک "قانع، سه‌یفولقوزات، هێمن و هه‌ژار له‌دایک ده‌بن و بناغه‌ی ئه‌ده‌بێکی به‌رگری و داهێنه‌رانه‌ داده‌نێن که‌ هاوار و ڕاچه‌نین ڕزگاریی مرۆڤ له‌ کۆت و به‌ند و سته‌م جه‌وهه‌ری سه‌ره‌کیه‌تی. گرتنه‌به‌ری ڕێبازی کۆمه‌ڵایه‌تی خه‌م و ئازاره‌کانی مرۆڤی هاوچه‌رخ له‌ چوارچێوه‌ی شیعردا مرۆڤ به‌ره‌و لووتکه‌ی بوون و هیوا په‌لکێش ده‌که‌ن. له‌ هه‌رێمی کرماشان و ئیلامی دێرینیش له‌ سه‌رده‌می حکوومه‌تی پاشایه‌تی و سه‌ره‌تای شۆڕشی گه‌لانی ئێراندا که‌سانی وه‌ک "شامی کرماشانی، به‌ ده‌قی (کرانشینی و چه‌ندین شیعری به‌رزی کۆمه‌ڵایه‌تی) لاری کرماشانی، ئه‌بولقاسم لاهووتی، عه‌لی‌محه‌مه‌د ئه‌فغانی، عه‌لی ئه‌شره‌ف ده‌رویشیان و مه‌نسوور یاقووتی" به‌ خولقاندی ئه‌ده‌بی داستانی و چه‌پی به‌رگریخوازانه‌ جۆرێک و ڕێچکه‌یه‌ک له‌ ئه‌ده‌بی به‌رگرییان خولقاند. هه‌رچه‌ند زمانی زۆربه‌ی به‌رهه‌می ئه‌م نووسه‌رانه‌ فارسی بوو، به‌ڵام هه‌وێن و نێوه‌رۆکیان خه‌م و ئازاره‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌وکاتی کوردستان بوو.

له‌ قۆناغی شۆڕشی گه‌لانی ئێراندا که‌ جۆرێک له‌ کرانه‌وه‌ی سیاسی هاته‌ ئاراوه‌، ڕه‌وت و قۆناغیکی دیکه‌ له‌ ئه‌ده‌ب و تیروانینی جیاواز سه‌ریان هه‌ڵدا که‌ تێکه‌ڵاوێک له‌ ئه‌ده‌بی شار و شاخ له‌دایک بوو که‌ که‌سانێک وه‌ک "شه‌ریف حوسێن په‌ناهی، ڕه‌حیم لوقمانی، ته‌وفیق ئیبراهیمی، ک.د ئازاد،" له‌ناو شار و له‌ شاخیش له‌ بواری شیعردا که‌سانێکی وه‌ک "فاتێح شێخولئیسلامی (چاوه‌) عه‌لی حه‌سه‌نیانی (هاوار)، قادر لوتفیانی (ئازا) موسلێح و ڕێبوار شێخولئیسلامی، شه‌فه‌ق، ئه‌حمه‌د بازگر، ناسر حیسامی، ئه‌حمه‌د قادری، مامۆستا بێبه‌ش و..

له‌ بواری گۆرانی و مۆسیقاشدا "ناسر ڕه‌زازی، مه‌رزیه‌ فه‌ریقی، جه‌ماڵ موفتی و نه‌جمه‌دین غولامی، قادر ئه‌لیاسی، کاڵێ، میکائیل و حه‌مه‌ جه‌زا سه‌رتۆپی ئه‌م قۆناغه‌ له‌ ئه‌ده‌بی به‌رگرین. هه‌رچه‌ند له‌ ماوی سێ ده‌یه‌ی ڕابردوودا شیعر و ئه‌ده‌ب و گۆرانی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان چه‌ند قۆناغی جیاجیای بڕیوه‌ و به‌ ده‌یان ده‌نگ و سیما و ناوی جیاواز هاتوونه‌ته‌ مه‌یدانی داهێنانی ئه‌ده‌بی کوردییه‌وه‌. ڕوانگه‌ و تێڕوانینی جیاواز و پێکهاته‌شکێن بۆ ئه‌ده‌ب و شیعر و زمان له‌دایک بوون، چه‌ند به‌ره‌ی نوێ به‌ناو و ڕه‌وتی جۆراوجۆر خۆیان پێناسه‌ ده‌که‌ن، به‌ڵام زمان و ده‌ربڕین و خه‌ون و ڕوانگه‌یان بۆ کۆمه‌ڵ و سه‌رده‌م جیاوازه‌. لاسایی کردنه‌وه‌ و که‌وتنه‌ ژێر کاریگه‌ریی ئه‌ده‌بی بێگانه‌ و ده‌وروبه‌ر و دوورکه‌تنه‌وه‌ له‌ پاشخانی ڕابردووی کۆمه‌ڵگه‌ و جیاوازیی تێڕوانینی نێوان نه‌وه‌کان و لێک تێنه‌گه‌یشتن که‌لێن و بۆشاییه‌کی زۆری خولقاندووه‌ که‌ کات و ده‌رفه‌تی ده‌وێ هه‌تا پێناسه‌ و مانا بکرێن.

**کوردستان - ئایا ئه‌ده‌بیاتی ئه‌مڕۆی کوردی ڕه‌نگدانه‌وه‌ی بزاڤی نه‌ته‌وه‌یی کوردی پێوه‌ دیاره‌؟**

**شه‌ریف فه‌لاح:** به‌ڕای من ئه‌ده‌بی ئه‌مڕۆی کوردی به‌گشتی له‌به‌ر ئه‌وه‌ی دابڕاوه‌ له‌ بزاڤی نه‌ته‌وه‌یی و خه‌بات و بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی، جۆرێک له‌ نامۆبوون، جۆرێک له‌ که‌لێن و لێکدابڕان له‌ نێوان ئه‌ده‌ب و بزاڤی نه‌ته‌وه‌یی له‌ ڕۆژهه‌ڵات دروست بووه‌، تێکه‌ڵکردنی بزاوتی ڕۆشنبیری له‌گه‌ڵ جه‌وهه‌ری ئه‌ده‌ب و هه‌ڵگرتنی دروشم و بانگه‌شه‌ی بێلایه‌نی و سه‌ربه‌خۆ بوون، به‌لاڕێدا بردنی جه‌وهه‌ری ئه‌ده‌ب و دوورکه‌تنه‌وه‌ له‌ چه‌قی ئه‌ده‌بی به‌رگری و ده‌روه‌ستبوونی لێ که‌تووه‌ته‌وه‌. په‌تای مۆدێرنبوون، لاسایی کردنه‌وه‌ی ناشیانه‌ و به‌دوور له‌ پاشخانی مێژوویی زمان و ئه‌ده‌بی کلاسیک، کێشه‌یه‌کی گه‌وره‌ی خولقاندووه‌. جیاوازیی نێوان نه‌وه‌کان دابڕانی شۆڕش و دوورکه‌وتنه‌وه‌ له‌ جوغرافیای شۆڕش گرفتێکه‌ که‌ چاره‌سه‌ر کردنی کات و ده‌رفه‌تی زۆری ده‌وێت. زمان و ده‌ربڕینی ئه‌ده‌ب و هونه‌ری به‌رگریی ئه‌مڕۆ له‌گه‌ڵ خه‌ون و خولیای ئه‌ده‌بی به‌رگریی دوو ده‌یه‌ له‌مه‌وبه‌ر جیاوازه‌، ئه‌مڕۆ نه‌وه‌یه‌ک له‌دایک بووه‌ که‌ زاده‌ی مۆدێرنیزاسیۆن و فرچک گرتووی دنیای په‌یوه‌ندیی ئه‌لکترۆنی و مه‌جازییه‌ و جۆرێک له‌ نامۆبوون و ناتێگه‌یشتوویی له‌گه‌ڵ مێژوو و ڕابردووی دروست بووه‌، ڕاگرتنی باڵانس و هاوسه‌نگیی نێوان نه‌وه‌کان بۆ لێک تێگه‌یشتن، پێویستی به‌ دیالۆگ و ڕه‌خساندنی ده‌رفه‌تی له‌باره‌.

## پرۆفایل:

شه‌ریف فه‌لاح، شاعیر، وه‌رگێڕ و چالاکوانی فه‌رهه‌نگی، ساڵی ١٣٥٣ی هه‌تاوی له‌ گوندی (گه‌زنه‌)ی سه‌ر به‌ چه‌مشاری سنه‌ له‌دایک بووه‌.

له‌ ساڵی ١٣٧٦ی هه‌تاوییه‌وه‌ بۆته‌ ئه‌ندامی (ئه‌نجومه‌نی ئه‌ده‌بیی مه‌وله‌وی سنه‌) و شێعر و بابه‌تی ئه‌ده‌بی له‌ گۆڤاری سروه‌ و زرێبار و گۆڤاره‌ خوێندکارییه‌کان و حه‌فته‌نامه‌کانی: ئاویه‌ر و سیروان له‌ کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات بڵاو بۆته‌وه‌.

له‌ ساڵی ٢٠٠٢ی زایینه‌وه‌ له‌ باشووری کوردستان نیشته‌جێیه‌ و ماوه‌ی زیاتر له‌ ١١ ساڵ پێشمه‌رگه‌ی حدکا بووه‌ و له‌ زۆربه‌ی ڕاگه‌یه‌ندکانی حیزب وه‌ک ڕادیۆ ده‌نگی کوردستانی ئێران، تیشک تیڤی و بڵاوکراوه‌کانی حیزب چالاک بووه‌.

له‌ باشووری کوردستان هاوکاریی له‌گه‌ڵ حه‌فته‌نامه‌کانی "چاودێر، هه‌واڵ و ڕۆژنامه‌ی خه‌بات و کوردستانی نوێ و وشه‌ و باس" و هه‌روه‌ها گۆڤاره‌ ئه‌ده‌بییه‌کانی: "هه‌نار، ڕامان و نما" هه‌یه‌.

ماوه‌ی ١٢ ساڵی به‌رده‌وامه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی جیدی کاری وه‌رگێڕان له‌ زمانی فارسییه‌وه‌ بۆ سه‌ر زمانی کوردی ده‌کا و هه‌تا ئێستا ئه‌م کتێبانه‌ی وه‌رگێڕاوه‌ و نووسیوه‌:

١ ـ له‌باره‌ی ئه‌ده‌بیات و هونه‌ره‌وه‌، چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی سلێمانی ٢٠٠٩ پڕۆژه‌ی کتێبی هه‌نار .

٢ـ ڕۆچنه‌یه‌ک بۆ ئه‌ده‌بی کوردی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، به‌رگی یه‌که‌م: زمان و ئه‌ده‌بی زاره‌کی ساڵی چاپ ٢٠١٢ی زایینی به‌ڕێوه‌به‌رێتیی چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی سلێمانی.

٣ـ ڕۆچنه‌یه‌ک بۆ ئه‌ده‌بی کوردی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، به‌رگی دووه‌م (لێکۆڵینه‌وه‌ و دیداری ئه‌ده‌بی له‌باره‌ی شیعری هاوچه‌رخی ڕۆژهه‌ڵات) ساڵی چاپ ٢٠١٣ی زایینی به‌ڕێوه‌به‌رێتیی چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی سلێمانی.

٤ـ چه‌ند تێڕامانێك له‌ حکوومه‌تی هه‌ڵبژێردراو ٢٠١٧، ناوه‌ندی چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی چوارچرا.

٥ ـ مێژووی نه‌ورۆز و کرۆنۆلۆژیای ئێران (مێژوویی) ساڵی چاپ ٢٠١٣ ده‌زگای موکریانی

٦ـ کۆکردنه‌وه‌ی دوو به‌یتی فۆلکلۆریکی ڕه‌سه‌نی کوردی به‌ ناوی ( عه‌زیز و کوبرا و وه‌نه‌وش و به‌ڕه‌زا) ساڵی چاپ ٢٠١٣ ئه‌نستیتۆی که‌له‌پووری کورد.

٧- ماڵاوا ئیمپراتۆری شیعر، کۆمه‌ڵه‌ وتار و په‌یام به‌ بۆنه‌ی کۆچی دوایی شێرکۆ بێکه‌س ساڵی چاپ ٢٠١٣ ده‌زای ڕۆشنبیریی جه‌مال عیرفان.

٨- وه‌رگێرانی رۆمانی ”نه‌شته‌رگه‌ی شێت“ ساڵی چاپ ٢٠١٣ ده‌زای چاپ و بڵاو کردنه‌وه‌ی چوارچرا - سلێمانی.

### ئه‌م به‌رهه‌مانشی ئامادی چاپن:

١ـ حیکایه‌ته‌کانی ئه‌و ساڵانه‌ (چیرۆك ـ عه‌لی ئه‌شره‌ف ده‌روێشیان).

٢ـ ژیانێکی‌تر، کورته‌ چیرۆکی ئیتالیایی (ئه‌لبێرتۆ موراڤیا) ئاماده‌ی چاپ.

٣ـ جاده‌کان ده‌گه‌نه‌ ده‌ریا، کۆمه‌ڵه‌ شیعر ئاماده‌ی چاپ.

٤ـ وه‌رگێڕانی ڕۆمانی ”دزیی ئه‌ده‌بی“ ئاماده‌ی چاپ.

٥ـ ئاماده‌کردنی کتێبی "دیالۆگی مانشت و په‌ڕاو" له‌باره‌ی شوناس، ناسنامه‌ و زمان و ئه‌ده‌بی کوردی له‌ دوو هه‌رێمی ئیلام و کرماشان.

٦ـ (داکار) ئاماده‌کردنی کتێبی خوێندنه‌وه‌ی ڕه‌خنه‌گرانه‌ی پڕۆسه‌ و ڕه‌وته‌ شیعرییه‌کانی هاوچه‌رخی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، کۆدیداری ئه‌ده‌بی.



شه‌ریف فه‌لاح:
شیعر و هونه‌ری به‌رگری شاده‌ماری ڕاسان و ڕابوونی شۆڕشه

# هەنگاو بەرەو لووتکەی مافی دیاریکردنی چارەنووس

عەلی مونەزەمی

لەمێژساڵە گەلی کورد لە تێکۆشانێکی بێوچاندایە بۆ وەدەستهێنانی مافی سەروەری و ژیان لە ژێر سێبەری ویست و ئیرادەی خۆی، لە سەر ئەو زەوییەی کە وڵاتی باوک و باپیرانیانە. دوژمنانی گەلی کورد نیشانیان داوە کە خۆیان لە هیچ کردەوەیەکی قێزەون و دژەمرۆڤی لەهەمبەر گەلی کورد ناپارێزن و بە درێژایی مێژوو ئەوەی کە لە دەستیان هاتووە، بۆ لە نێو بردن و قەڵاچۆ کردنی ئەو گەلە ماف لێزەوتکراوە دەستیان نەپاراستووە. گەلی کورد بۆ مان و مەوجوودیەتی خۆی لە کۆمەڵکوژکران، کیمیاباران، زیندان و ئەشکەنجە و هەموو ئەو کردەوانەی کە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێن و گەف و هەڕەشەی ئاشکرا و ڕۆژانەی دوژمنان، پێویستە کە سەربەخۆیی هەبێ تاکوو سنوورێک بۆ هەڕەشەکانی دوژمنان بە نیسبەت خەڵک و خاکی کوردستان دابنرێت. گەلی کورد لە باشووری وڵات بڕیاری داوە کە ئەمساڵ لە گشتپرسییەکدا ویستی خەڵک لەو پارچەیەی کوردستاندا بخاتە بەر چاوی خەڵکی دونیا و هیواخوازە کە ئەم ئیرادەیە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە ڕێزی لێ بگیردرێ. خەڵکی ئێمە لە باشووری وڵات کە زیاتر لە دوو دەیەیە خاوەنی مافی بڕیاردانی نێوخۆییە، دەیەوێ لە ڕێگای گشتپرسییەوە "مافی بڕیاردانی دەرەکی" کە مافی ڕەوا و دادپەروەرانەی ئەم خەڵکەیە بچەسپێنێ، لە بەر ئەوەی کە مافی بڕیاردانی نێوخۆیی هەموو کاتێک لە لایەن دوژمنە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە هەڕەشەی لە سەرە. ئەو مافە ئەگەرچی لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ئاشکرا ئاماژەی پێنەکراوە تاکوو نەبێتە هۆی ئانارشیزم لە جیهاندا (بۆ وڵاتانی کۆلۆنی ئەو مافە بە فەرمی ناسراوە)، بەڵام مافێکە کە گەلانی چەوساوە دەتوانن بەکاری بێنن و بە دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی خۆیان بە بەختیاری و سەربەرزی بژین. گەف و هەڕەشەکانی ڕێبەران و چەکدارانی عێراق- بۆ نموونە هەڕەشەکانی سوپای دیجلە و هەڕەشەکانی مالیکی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا- لە خەڵک و حکوومەتی باشووری وڵاتەکەمان، باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی کە کورد دەبێ سەربەخۆ بێ و تەنیا سەربەخۆیی دەتوانێ کورد بپارێزێ. ئێمە پێویستە لە مێژووی سەربەخۆیی بەنگلادش و کۆسۆڤۆ و زۆر وڵاتی دیکە لەو بارەوە دەرس وەربگرین. کاتێک کە حکوومەتەکانی ناوەندی نەک مافی کورد ناپارێزن، بەڵکوو هەڕەشەن لە سەر هەبوون و ژیان و مافی کورد، دەبێ کورد ببێتە خاوەنی سەروەریی خۆی، کە ئەو سەروەرییە هەم لە لایەن یاسا نێونەتەوەییەکانەوە پارێزراو بێ، و هەم کورد بۆخۆی دەرفەتی پاراستنی هەبێ. "لەو جێگایەوە کە سەروەریی کوردستان دەستپێبکا، دەبێ سەروەریی عێراق و مالکیەکان و هەموو داگیرکەرانی کوردستان کۆتایی پێ بێ". لەو وتارەدا هەوڵ دەدرێ بە کورتی پرسی سەربەخۆیی باشوور لێکبدرێتەوە و کارتێکەریی ئەو لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی دەرفەتە بەردەستەکانی ڕۆژئاوای وڵات بخرێتە بەر چاوی خوێنەران.

زانایان و تئۆریسییەنەکان باس لە دوو هۆی سەرەکی دەکەن کە مافی جیابوونەوە بە گرووپێک دەدات تاکوو لە وڵاتی سەرەکیی خۆیان جیا ببنەوە و وڵاتێکی دیکەی سەربەخۆ بونیاد بنێن. ئەو دوو هۆیە ئەوەندە بەهێزن کە خواستی "تەواویەتی خاکیی" وڵاتان دەتوانرێ بە خاتریان وەلابنرێت. هۆی یەکەم ئەوەیە کە ئەگەر وڵاتێک ڕێگری بکا لە گرووپێکی دیاریکراو کە لە بواری نێوخۆییدا کە مافی چارەیخۆنووسینی هەبێ و خۆی بەڕێوە ببات. دووهەم هۆ ئەوەیە کە ئەگەر وڵاتێک مافەمرۆڤییەکانی گرووپێک بە شکڵێکی بەهێز بنپێ بکا. لەو دوو حاڵەتەدا مافی جیابوونەوە بۆ سزادانی ئەو وڵاتانە کە مافی خەڵک پێشێل دەکەن، بە گرووپەکانی چەوساوە دەدرێ. ئەو مافە لەو فەلسەفە ئەخلاقی و هزرییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەڵێ؛ "نادادپەروەرییەکان دەبێ ڕاست بکرێنەوە." ئەو مافە بۆ سزادان، لە هیچ کۆنوانسیۆنێک و پەیماننامەیەکدا ئاماژەی پێنەدراوە، بەڵام لە نێو ئەو مافانەدا کە وەک عورف و داب و نەریت بوونیان هەیە، بەپێی ئەزموون سەلمێندراوە و بە کار هاتووە. پرەنسیپی پێنجەم، بەشی حەوتەمی شۆرای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر پەیوەندییە دۆستانەکان، کە باس لە سەروەریی خاک و یەکپارچەیی وڵاتان دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا باس لەوە دەکات کە؛ حکوومەتەکان دەبێ نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی خۆیان بکەن، بە بێ جیاوازیی نژاد، بیر و باوەڕ و ڕەنگ. یانی ئەگەر حکوومەتێک جیاوازی دابنێ لە نێوان خەڵکەکەیدا و نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکەکە نەکات و بیانچەوسێنێتەوە، بەو مانایەیە کە ئیدی یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکە خەوش هەڵگرە و دەتوانێ دابەش بکرێ. لەو مافە عورفییە کەڵک وەرگیراوە بۆ سەربەخۆیی بەنگلادش و جیاکردنەوەی جەزیرەی ئۆلاند لە فینلاند و نووساندنەوەی بە سوێدەوە و لە بارەی چارەنووسی زۆر شوێنی دیکە (کۆسۆڤۆ و کووێبێک و ...).

شەرت و مەرجی ئەوەی کە مافی جیابوونەوە وەک سزایەک بە کار بگیردرێ، دەبێ لە پێشدا بە جوانی و تەواوی ڕوون بکرێنەوە. لە پێشدا دەبێ بزانرێ کە ئەو مافخوازانە دەتوانن وەک گرووپ بە حیساب بێن یان نە. لە سەر ئەو بنەمایە گەلۆ ئەو گرووپە پێشیان پێ گیراوە کە نەتوانن لە نێو خۆ دا مافی خۆبەڕێوەبەری بە دەستەوەبگرن و یان ئەوەی کە تووشی پێشێلکرانی ماف بە شێوازێکی جدی هاتوون و لە کۆتاییدا، گەلۆ ئەم مافی جیابوونەوە تەنیا ڕێگای گونجاوە یان نە (یانی ئاخرین ڕێگای چارەسەری). تا ڕادەیەکی زۆر دەبێ ئەو مەرجانە بەردەوام و بەدوای یەکدا چاو لێ بکرێن.

با لە پێشدا ئاورێکی کورتی مێژوویی لە پرسی سەربەخۆیی کوردستان بدەینەوە. بۆ سەربەخۆیی کوردستان زۆر جار دەرفەت هەبووە. لیرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێک لەو دەرفەتانە لە سەد ساڵی بیست و بیستویەکم دەدرێ و زۆر ناگەڕێینەوە بۆ دواوە. ئەو دەرفەتانە هەر جارێ بە جۆرێک بە هۆی لاوازیی یەکیەتیی نێوخۆیی و کەمترخەمیی کورد لە لایەک و گەمە و بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە لایەکی دیکەوە، لە کیسی کورد چوون. لە پەیماننامەی سێڤەردا کە دان بە مافی کورددا نرابوو، ئەو مافە بووە قوربانیی ساتوسەودای زلهێزەکان و لە دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشبوونی ئیمپراتۆرییەکان، گەلی کوردیش وەک زۆر گەلی دیکە بە بێ ویست و ئیرادەی خۆی دابەش کرا. مەخابن ئەو فۆرموولەی کە ویلسۆن بۆ مافی چارەی خۆ نووسین دەیویست لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە مەنشووری کۆمەڵگای نەتەوەکاندا بیچەسپینێ کە بە گوێرەی ئەو فۆرموولە ئەگەرچی وڵاتان لە دەستێوەردانی دەرەکی پارێزراو دەبوون، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتانرا پێش بە خەڵک نەدەگیردرا کە سەربەخۆیی ڕانەگەیێنن و جیا نەبنەوە و سنووری وڵاتان تووشی گۆڕانکاری نەکەن، کەچی ئەو یەکە نەچەسپا و کورد ئەو شانسەشی لە کیس چوو.

لە ١٩٦٠ەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریان دا کە دەبێ وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن و نابێ هیچ وڵاتێکیش لەمەودوا کۆلۆنیزە بکرێ. کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و کۆلۆنیزەکراوە. بەڵام لە بواری ناساندنی کوردستان وەک وڵاتێکی موستەعمەرە، بە داخەوە کەمتر هەوڵ دراوە. بۆیە بە داخەوە کورد نەیتوانیوە تا ئێستاش بۆ کومەڵگای نێونەتەوەیی بسەلمێنێ کە کوردستانی دابەشکراو و گەلی کوردی چەوساوە خراپتر لە وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو بەڕێوە دەبردرێن.

لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و شەڕی سارددا، بە داخەوە کورد هیچ شانسیکی ئەوتۆی نەبوو. کۆماری کوردستانیش کە لە کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیدا پێکهات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شانسێکی ئەوتۆ نەبوو بە نەسیبی کە پایەکانی ئەو سەربەخۆییە قاییمتر بکرێ. لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا کورد لە بەر هاوکێشەکان و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان شانسێکی نەبوو و بۆیە ڕێکخراوەکانی کوردی بە گشتی داوای چارەسەریی پرسی کوردیان لە نێوخۆی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا دەکرد. ئەگەرچی سیمپاتیی کورد ئەو کات بەرەو ڕووسیەی کۆمۆنیستی بوو و پێیان وا بوو کە تێزی لێنین و ڕووسیەی سۆسیالیستی بۆ ڕزگاریی گەلان، ستراتێژیکیە (بێجگە لە هەندێک ڕێبەری وەک قاسملوو نەبێ کە زوو بۆی دەرکەوت کە دەبێ ڕێگای خۆی لە ئەو ڕێگایە جیا بکاتەوە)، بەڵام ئەوە ئامانجێکی تاکتیکیی ڕووسیە بوو. ئەوان بەو کارە تەنیا ڕەوایەتیان دەبەخشی بە سەرهەڵدانی نەتەوەکانی چەوساوە، نەک ئەوەی کە پشتیوانی لە نەتەوەپەرەستانی زوڵملێکراو بکرێ. بۆ ئەوان تەنیا ئامانج، لکاندنی هەموو نەتەوەکان بە فدراسیۆنی سۆسیالیستییەوە بوو.

لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، لەو بەشەی کوردستاندا تا ڕادەیەکی باش کورد توانیویەتی بە شکڵی سەربەخۆییەکی ڕانەگەیەندراو خۆی بەڕێوە بەرێ. یانی کورد لە بواری خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆییەوە بووە خاوەنی مافی چارەنووسی خۆی، بەڵام لە بواری مافی چارەنووسی دەرەکییەوە کە بتوانێ بۆخۆی بڕیار لە سەر پێگەی نێونەتەوەیی خۆی بدات، بە شکڵێکی فەرمی ناسێندراو، وەدەستی نەهێناوە. بۆیە ڕێفراندۆمێک کە ئەمساڵ بڕیارە لە باشوور بەڕێوە بچێ، لە سەر ئەوەیە کە گەلی کورد خوازیارە لە سەر پێگەی نێونەتەوەیی خۆی بڕیاردەر بێ یان نە، و بەڵکوو دەیەوێ بە شەریکایەتی لە گەڵ دوژمنەکەی لە بەغداد ئەو کارە بکات و بۆ پێگەی عێراق تێکۆشان بکا.

بە گوێرەی ئەو مافە عورفیە نێونەتەوەییانە کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، کورد لە باشوور دەرفەتی ئەوەی هەیە کە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ. لە بەر ئەوەی کە کورد هەموو کاتێک لە لایەن کاربەدەستانی شوینیستیی بەغداوە هەڕەشەیان لە سەرە. کاربەدەستانی بەغدا لە هەموو دەرفەتێک بۆ پێشێل کردنی مافەکانی گەلی کورد کەڵک وەردەگرن و هەڕەشەن بۆ سەر ژیان، مافی مرۆڤ و ئابووریی هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە بڕینی بوودجەی هێزی پێشمەرگە کە بەشێکە لە هێزی بەرگریی عێراق، بڕینی قووتی خەڵکی کوردستان، هەڕەشەی چەکداریی سپای دیجلە، شەڕ و پێکدادانەکانی خانەقین و کەلار و...هتد، و هەڕەشە ئاشکراکانی کاربەدەستانی عێراق وەک مالکی و... هتد.

کورد گرووپێکی جیاوازی کولتوورییە لەگەڵ عەرەب و یەک نەتەوە نین. بۆیە دەتوانرێ وەک گرووپ حیساب بکرێ. لە بواری مافی چارەنووسی نێوخۆییەوە هەمو کاتێک هەڕەشەی لەسەرە و دەوڵەتی ناوەندی ئامادە نیە مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی بۆ زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان کە بە ناوچە کێشەلەسەرەکان دەیناسێنن، بە فەرمی بناسێ و لە سەر دەڤەرەکانی دیکەش هەموو کاتێک هەڕەشە بووە. حکوومەتی ناوەندیی بەغدا سەربەخۆ لەوەی کە کێ حوکمی کردووە، هەموو کاتێک بە شکڵێکی جیددی هەڕەشە بووە لە سەر کورد و مێژوویەکی پڕ لە خوێن و کوشتن و بڕین لە نێوان کورد و عەرەبدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە، کورد بە هۆی شەڕ لە بە دژی تیرۆریستان و داعش و ئافراندنی سەدان داستانی مێرخاسی، سیمپاتیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەگەڵە و سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە هۆی سەقامگیریی ناوچەکە و ئەو سەربەخۆییە هەڕەشە لە ماف و ئازادیی هیچ نەتەوە و گرووپێکی دیکە ناکا و سەقامگیری و ئاسایشی عێراق ناخاتە مەترسییەوە. بۆیە دروست بەو هۆیانەی کە بەنگلادش لە پاکستان جیا بووەوە، کوردیش دەتوانێ لە باشوور ببێتە خاوەنی سەربەخۆیی و مافی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی دەرەکیی خۆی.

ئەگەر کوردستانی باشوور سەربەخۆیی خۆی وەدەست بێنێ، هەر دروست بەو هۆیانەی کە لە بواری چەوساندن و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینیەوە لە سەر باشوور باس کرا، بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەتوانن داوای سەربەخۆیی بکەن. بەڵام ئێمەش دەتوانین وەک چۆن جەزیرەی ئۆلاند داوایان کرد کە بخرێنە سەر سوێد، پارچەکانی دیکەش دەتوانن داوا بکەن کە بخرێنە سەر باشووری کوردستانی سەربەخۆ (ئیرێدێنتیزم) و بەو شکڵە کوردستانی یەکپارچە دروست بکرێ (ئەوە بەو مانایە نیە کە باشووری وڵات وەک ڕێبەر و بڕیاردەر لە سەر چارەنووسی هەموو کورد لێکبدرێتەوە. بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەوان هەنگاوێک لە پێشن لە بواری وەدەستهێنانی مافی چارەنووسەوە، بۆیە ئەو یەکە دەنووسرێت و شتێکی ڕئالیستانەیە و هیوادارام کەس بە خراپ لێکی نەداتەوە).

ئەگەر چی ئەو ئامانجە کاتی زۆری دەوێ، بەڵام ڕۆژئاوای کوردستان لە ئێستاوە ئەو دەرفەتەی لە بەردەستدا هەیە. با هەموومان بۆ یەکپارچەیی کوردستان، بە کردەوە هەوڵ بدەین. هیوادارم کە ڕێبەران و پارتە سیاسییەکان و خەڵکی ڕۆژئاوا بە گشتی ئەو ڕێگاچارەیە بۆ کۆکردنەوەی خاکی دابەشکراوی کوردستان لە بیر نەکەنەوە.



ژێدەرەکان:

http://munin.uit.no/bitstream/handle/8406/10037/thesis.pdf?sequence=2&isAllowed=y
https://snl.no/kolonialisme
https://no.wikipedia.org/wiki/Irredentisme




# ئێران بە نیسبەت هەرێمی کوردستان و پرسی سەربەخۆییەکەی بە شێوازێکی سلبی مامەڵەی کردووە

**وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ د.عەبدولحەکیم خوسرەو، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و مەترسی و هەڕەشەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر شنگال و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.**

**کوردستان: هێشتا شەڕی داعش کۆتایی نەهاتووە کە کێشەیەکی دیکە خەریکە بەرۆکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە خۆی لە هەڕەشە و مەترسییەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر شنگال و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیدا دەبینێتەوە. ئێوە چۆنی لێدەڕوانن؟**

و: ئەوەی کە دیارە بە پێی لێدوانەکانی سەرۆکی حکوومەتی عێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دارشتنی ئەو پلان و ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەپێی فەرمانی حکوومەتی عێراق بووە، و ئێمە دەزانین کە هاوئاهەنگییەکی تەواو لە نێوان قیادەی سیاسی بە تایبەت سەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە و حکوومەتی عێراقدا هەبووە، بۆیە ئێستا لە قۆناغی شەری داعشدا ئەم جۆرە تەنسیقاتە دەبێت، و لەو پەیوەندییەدا کۆمەڵێک ڕێکەوین و تەفاهوومنامە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا ساز دەبێت کە هەتا ئێستا هێزی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی ڕێکەوتننامەکان بوونە، بەڵام تێبینی هەیە لە سەر شێوازی بەڕێوەبردنی شەر لەو ناوچانە بە تایبەتی کە نزیک دەبنەوە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و بە بڕوای من، ئێستا قیادەی سیاسی هەرێمی کوردستان بە وردی سەیری بارودۆخە دەکات، بەڵام بە هەر حاڵ ئیتر لە بەر ئەوەی بەشێک لە پلانە سەربازییەکە و بە تەنسیق لەگەڵ هاوپەیمانان، ئامانجی یەکەم لە نێوبردنی داعش لەو ناوچانە و ئینجا جێبەجی کردنی ڕێکەوتنەکان و دوای ئەوە هەموو لایەک دەبێ پابەندی ڕێکەوتنەکان بن.

**کوردستان: بە بڕوای ئێوە ئەو هەڕەشانەی حەشدی شەعبی و سەنگەرلێدانانەی لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی شنگال و دەوروبەریدا، چەندە لە ڕاستای دروست بوونی ئەو پلانە(هیلالی شیعی)ی ئێران دایە کە ماوەیەکی زۆرە کارناسانی سیاسی باسی لیوە دەکەن؟**

و: بەڵێ ئێمە دەزانین، ڕاستە هێزە عێراقییەکان ئێستا لە چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، پرۆسە سەربازییەکان بەڕێوە دەبەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەجێندای دیکە هەیە، ئەجێندای کە دەیەوێت هێزە عێراقییەکان بگەنە سەر سنووری سووریە و لە هەمان کاتدا هێزە سووریەکان بە تایبەت ئەوانەی کە سەر بە ڕێژیمی ئەسەدن، ئەوانیش یەک بگرنەوە لەو ناوچە و بە تایبەت کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکەنەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدایە، واتە ناوچەکانی دیوی سووریا و ئەو ناوچانەی لەو دیوی عیراقدان، ئەمە بەشێک لەو پلانەیە و کاریگەریشی هەیە. لەسەر کاریگەرییەکانی دەتوانم بڵێم کە ستراتیژیەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی داعش و تێرۆر و بە هەمان شێوە ستراتیژیەتی ڕووسیا، وا دەکات کە هیندێک لە گۆڕانکارییەکان یان گۆڕانکاری بە خێرایی ڕوو بدەن لە ماوەی داهاتووەدا بە تایبەتی کە بارودۆخی سووریا لە ڕووی سەربازییەوە، ئەوەش دەمێنێتەوە هەتا چەند زلهێزەکانیش لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی تەواو ئەم کارە دەکەن یان ئەوەتە خەریکی سەپاندنی هەژموونی خۆیانن بۆ سەر ناوچە جیاجیاکان بە تایبەت ئەو ناوچانەی ئیستا لە ژیر دەسەڵاتی داعش دایە.

**کوردستان: گەیشتنی ئێران بەو ئامانجە تا چەندە ئیمکانی هەیە و پیتان وایە کە ئامریکا و ڕۆژئاوا بهێڵن ئەو خەونەی ئێران بێتە دی؟**

و: سەرەکی لەم پرۆسەیە پەیوەندیی بە زلهێزەکانەوە هەیە، بە تایبەت ڕووسیە و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا. بێگومان ئێرانیش ئەو پلانەی هەیە کە هەژموونی خۆی بە سەر عێراقدا بەردەوام بکات و بە هەمان شێوە لە سووریە و ئەم پلانەی ئێستا کە خەریکە لە ڕووی سەربازی و دوای داعش و لە ڕووی سەربازییەوە خەریکە جێبەجی دەبێت. بەڵام وەکوو ئاماژەمان پێکرد حەتمەن ستراتیژیەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ سنووردار کردنی هەژموونی ئێران بەردەوام دەبێت و بە تایبەتی لە قۆناغی داهاتوودا، چ لە چوارچێوەی حکوومەتی عێراقی و هەژموونی بە سەر حکوومەتی عێراقی‌دا بە شێوازێکی گشتی و هەروەها لە ڕووی سەربازی و شێوازی چارەسەر کردنی گرفتەکان. چوونکە ئەو گرفتانەی بوونە هۆکاری دروست بوونی داعش پێم وایە بیرێک جیددی لێ دەکەنەوە کە هەمان گرفتەکان هەمان سەبەبەکان چارەسەر بکرێن، ئەویش ئەوەیە کە بارودۆخی سوننە و وەزعی سوننە لە ناوچەکانی سووریە و ناوچەکانی سوننی عێراقی باشتر بکرێن. بە گشتی پێم وایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پلانی تایبەتی خۆی دەبێ لە قۆناغی داهاتوودا و ئەمەش هەمووی لەو چوارچێوەی سنوودار کردنی هەژموونی ئێران لەلایەک و تەنانەت ڕێگەگرتن لە پەل هاویشتنی ئێران بۆ ناوچە جیاجیاکانی دیکەدایە.

**کوردستان: لە لایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی توندتر کردووە، پێتان وانیە کە جێگرکردنی حەشدی شەعبی لە شنگال و سنوورەکانی کەرکووک پیلانێکی ئیقلیمی بێ بۆ پێش گرتن لە سەربەخۆیی کوردستان؟**

و: بە شێوازێکی بە گشتی مەسەلەی سەربەخۆی کوردستان پەیوەندیی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە و بێگومان هەموو وڵاتە هەرێمییەکانیش پلان و هەوڵی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵا و تایبەتیەکانی خۆیان، لەو پێناوەشدا ستراتیژیەتی تایبەتیان هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر پرسێک، وەها هەست دەکەن کە کاریگەریان بە سەر دەبێت. مەسەلەی دەوڵەتی کوردی یان بڵێین سەربەخۆی هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستا بەشێک لە ناوەندەکانی ئێران دەبێتە هەڕەشە لە سەریان، بەڵام بە شێوازێکی گشتی پەیامی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە سەربەخۆی هەرێمی کوردستان دەبێتە مایەی ئاشتی و ئاسایشی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، و لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستان بەشێک نیە لە هێج مێحوەربەندییەک کە دەکرێت، بەڵام ئێمە دەزانین ئەم مێحوەربەندییە قووڵتر بووتەوە لەنێوان سوننە و شێعەدا و لەوانەیە شەڕی تایفی بەردەوامی هەبێت لە قۆناغی داهاتوودا. بۆیە ئەمەش وا دەکات کە هەر پلان و ستراتیژیەک کە هەبێت ئەولەوییەتی ئێران لەو چوارچێوەیە دایە، واتە لە چوارچێوەی شەڕی تایفی دا. لە هەمان کاتدا ئێران لە سەر مەسەلەی پەیوندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پرسی سەربەخۆی هەرێمی کوردستانیش دا تا ئێستا بەشێوازی سلبی مامەلەیان لەگەڵ کردووە، بەڵام پێم وایە لە داهاتوودا هەوڵێکی جیددی و شێلگیرتری نێودەوڵەتی دەخرێتە گەڕ بۆ پێشگرتن لە هێز و تواناکانی ئێران لە مەڕ پەلهاویشتن بۆ ناوچەکان و دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتان و بە تایبەتی لە کاروباری هەرێمی کوردستان، پێم وابێت لەگەڵ نەمانی قودرەتی ئێران، ئەم هەوڵەی ئێرانیش پووچەڵ دەبێتەوە.

**کوردستان: هەرێمی کوردستان دەبێ چ ڕێگاگەلێک بگرێتە بەر تاکو بتوانێ هەم خۆی لەم ئالۆزیی و هەڕەشە مەترسیدارە بپارێزێت و هاوکات ئامانجەکەیشی بێنێتە دی؟**

و: پەیامی هەرێمی کوردستان، پەیامی ئاشتییە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و یەکیەتی ئورووپا و نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆیە دەبینین کە لە هەموو ئاستەکان دا بەم جۆرە پێوەندیی لە گەڵ قیادەی سیاسی کوردی دەکرێت و تا ئێستا جۆرێک تەفاهووم هەیە لەوەیکە چارەسەری کێشەکان و مەسەلەی ڕێفراندوم و ئینجا سەربەخۆیی هەرێمی کورستان لە پرۆسەیەکی ئاشتییانەی دانوستان لەگەڵ لایەنە عیراقییەکان دا دەکرێت، واتە ئەمە پرسی سەرەکیە. بەڵام پرسی دووهەم ئەوەیە کە ئێمە دوژمنی هاوبەشمان هەیە کە ئەویش تیرۆرە، بۆیە هەماهەنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆر، ئەولەوییەتی کارکردنی لە داهاتوودا دەبێت، ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە تا ئێستا کاریگەریی هەبووە، واتە هەرێمی کوردستان یەکێک لەو هێزە سەرەکیانە بووە کە شەڕی تیرۆری کردووە، و تا ئیستا دەورێکی باڵای هەبووە لەم پرسەدا. ئەمەش خاڵێکە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زۆر بە گرینگییەوە سەیری دەکەن، ئەمەش وادەکات کە هەرێمی کوردستان بپارێزریت لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە گەڵ ئەو هێزانەیتر کە بە یەکەوە کاریان کردووە بە دژی تیرۆر و لە هەمان کاتیشدا حەتمەن دەکرێت ئەم پرسە، واتە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەموو پرسەکانی تر کە پرسی سیاسین، دەکرێت بە ڕێگای سیاسییەوە چارەسەر بکرێن نەک سەربازی.

**کوردستان: یەکیەتی نێوماڵی کورد لە بەرانبەر ئەم هەڕەشە و مەترسیانە دا چۆن دەبینن؟**

و: ئێمە دەزانین هەوڵێک لە ئارا دایە، ئێستا پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسیە کوردستانیەکان هەیە و هەموو لایەنێک هەست بە هەڕەشەکان و هەست بەم قۆناغە دەکەن، و ئەم هەست کردنە، خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی پۆزەتیڤ و ئیجابیە و لە داهاتوودا دەبێت ئەو ڕوانگە جیاوازانە یەک بگرنەوە و بە یەک پلان و یەک ئیستراتیژییەت لەگەڵ ئەو مەیدانخوازی و ئەو پێشهاتانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە چ لە چوارچێوەی شەڕی دژی تیرۆر دا و چ لە سەر پرسی دانوستان لەگەڵ بەغدا و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. بۆیە پرسی نێوماڵی کوردی و ئەو پەیوەندییانەی کە ئێستا هەن، خاڵ و فاکتەرێکی ئیجابین و لە داهاتوودا تەسوور دەکەین کە دەرئەنجامەکانی لەم پێناوە دا باش دەبێت. چوونکە وەکوو باسم کرد هەست کردنێکی هاوبەش هەیە لە نێوان هەموو لایەنەکان و ئەم هەست کردنەش دەبێتە سەبەبی چارەسەر کردنی پرسە سیاسیە لاوەکییەکان کە بە باوەڕی من پرسی زۆر لاوەکین بەرامبەر بە پرسە چارەنوسسازەکان کە ئێستا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبتەوە.

**کوردستان: لەم قۆناغ و دووڕیانە مێژوویی یەدا، ئەرکی هێز و لایەنە کوردییەکان چییە؟**


و: دەبینم کە ئێستا هەموو لایەنەکان بە دەرەجەی یەک پارتی و یەکیەتی ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان بینیووە لە سەقامگیری هەرێمی کوردستان و لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دا، و هەروەها هێزە سیاسییەکانی تریش بەراستی هەماهەنگ بوونە لەم قۆناغە هەستیارەدا، کێشە سیاسیەکانیش چارەسەر دەبن و ئەرکی لایەنە سیاسیەکان ئەوە دەبێت کەوا لە داهاتوودا بەو هەست کردنە کە ئێستا هەیانە بتوانن بە یەکەوە ستراتیژییەتی هاوبەش دابنێن بۆ ڕووبەروونەوەی ئەو پیشهاتانەی کە لە داهاتوودا ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە.

**کوردستان: پێوەندیدار بەو مژارەوە ئایندی شەنگال لە نێوان ململانێی لایەنەکان دا بەرەو کوێ دەچێت؟**

و: ئایندەی شنگاڵ سەر بە هەرێمی کوردستانە و هێزی پێشمەرگە دەبێت هەموو ناوچەکانی کوردستان کونترۆل بکات و ئەمەش ئیرادەیەکی جیددی هەرێمی کوردستانە و هەر هێزی پێشمەرگە ناوچەکانی ئازاد و ڕزگار کردووە، ئەوەی کە دیارە کۆمەڵگای نێودولەتیش بە هەمان بۆچوون و بە هەمان ئاستدا سەیری بارودۆخەکە دەکات کە سەقامگیری لە شنگال دروست بێت و لە هەمان کاتیش دا ئەم سەقامگیریە ببێتە سەبەبی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان و دروست کردن و دووبارە بونیادنانەوەی ئەو ناوچانەی کە زەرەرمەند بوون لە شەڕی داعش و دەرئەنجامی شەڕی داعش، بۆیە بە تەسووری من ئەم لێک تێگەیشتنە، لێک تێگەیشتنی هەرێمی کوردستان و خەڵکی ناوچەی شنگاڵە، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هەمان پلان و بە هەمان شعوور سەیری بارودۆخەکە دەکەن بۆ ئەوەیکە لە داهاتوودا پشتگیری هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ سەقامگیری ناوچەکە هەروەها دووبارە بونیادنانی ناوچەی شەنگال.

# خوێندنەوەیەکی ناتەواو لە "باڵندەکانی دەم با"

شەهلا دەباغی



سێ پیاو و سەرنوشتێک
سێ ژن و کارەساتێک
پەنجەرەیەک و گوڵە هەنارێک...

نووسەرێک بەسەرهاتی نەسڵێک یان باشترە بڵێین هی خۆی دەنووسێتەوە. بەڵام ئەو خودە، یەک ڕوخسار نییە و نووسەر دابەش دەبێ بە نووسەر، فەرهاد و مێهربان. مێهربان کە نووسەرە، لە هەوڵی نووسینی چیرۆکی فەرهاد و یان شایەد خۆی و هاودەمانی خۆی بێ و داوا لە نووسەر دەکا کە فەرهادی پێ بناسێنێ. سەردەمانێک فەرهاد بە نەقاشی گوزارشتی ژیانەکانی دەکرد و لە ئاخرسەردا ئەو گوزارشتانە بە نیوەچڵی دەمێنەوە. لە یەک پەنجەرەوە ئەو پیاوانە چاو لە خۆشەویستەکەیان دەکەن. سێ ژن کە لەڕاستیدا هەر یەک سەرنوشتیان بۆ دەنووسرێ: "خۆسووتاندن و یان لە چاوەڕوانیدامانەوە".

باڵندەکانی دەم با بە زمانێکی زۆر شاعیرانە و تەکنیکێکی تێکەڵاوی گێڕانەوە، باسی وشکبوونی ئارەزووەکانی پیاو لە شۆڕەکاتی زیندان و مەنفا و ئاوارەییدا دەکا. باسی خەمێک کە لە ناخی پیاودا سەرهەڵدەدا و بەدوای وەڵامی پرسیارێکدا دەگەڕێ، ئەوە کە: "لەپێناوی کام تاواندا سزا دراوە ئەم پیاوە؟ لەپێناوی کام تاواندا سزا دەدرێین؟ لە ئاگری کام تۆڵەدا دەسووتێین؟" (ل. ٢٩)

ڕاستە کە تەقدیری هەموو ئێمە لەژێر کاریگەریی سیستمێکی زاڵم و بەدمۆرالی باڵادەست فۆڕم دەگرێ، بەڵام گرفت تەنیا ڕێژیمەکان نین. کۆمەڵی ئێمە هێشتا نەیتوانیوە غەیری پیاو بە سەرچاوەی گۆڕانکاری ببینێ. ژنانێک کە لە شۆڕشدا بەشدار دەبن، چاو لە دەستی نووسەر و پیاو دەمێنەوە و کاتێک هەموو دەرگاکان دەبەسترێن، ناچار بە خۆسووتان دەبن و پیاوی بەرهەڵستکار کە پێیوایە جیهان دەگۆڕێ، سەرئەنجام سەرخوردە یان پەنا بۆ مەشروب دەبا یان تووشی فەرامۆشی دەبێ و یان دەستەوئەژنۆ دەمێنێتەوە:

"... من تەنها بووم. تەنها لە بەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە دانیشتبووم و دەستە باریک و ئێسکنەکانم لە دەوری ئەژنۆم ئاڵاندبوو." (ل. ٢١٩)

سەرەڕای زمانی پڕهەست و شاعیرانەی ڕۆمان و تەکنیکێکی تێکەڵاوی گێڕانەوە، بەڵام دەسەڵاتی زمانی پیاوسالار بە زۆرینە، بڕیاردەری گوزارشتی ژیانی قارەمانەکانە و گوزارشت لە سەربردەی پیاوانێک دەکا کە لە نۆستالۆژیدا دەژین و ڕەوەندی زەمان نابینن و یان بەدوای سەرنوشتێکی نادیاردا وێڵن. ئەو نۆستالۆژییە تەنانەت جێگایەک بە ژن/ دایک نادا و ماڵە باب تەنیا بە ناوی باوک پێناسە دەکا:

"دیوەخانی میرزا سەعید وێران بووە و ساڵەهایە کەس لە حەسار و حەوشی میرزا سەعیددا هاتووچۆی نەکردووە." ئەوە پیاوە کە بڕیاردەرە و پێیوایە تەنیا ئەوە کە دەتوانێ جیهان بگۆڕێ، کەچی نەتەنیا ناتوانێ ئەوە بکا کە دەبێتە هۆی سەرنوشتێکی شووم بۆ خۆشەویستەکەی و خۆی. ئەو پیاوانە کە "شتێکی سەمیمی لە دونیای ئەو کچانەدا دەبینن" (ل. ١٦) حازر نابن گوێیان لێ بگرن و بۆ نەجاتی جیهان لە ڕوانگەی سیاسی خۆیانەوە ناچار دەبن ژنان لەژێر پێ بنێن.

پیاوانی ڕۆمان باوەڕ بە لەیلا و کاڵێ و ئەفسانە ناکەن. فەرهاد کە خوێندکارە و ڕای کردووە و خۆی حەشارداوە، لە ئەشقی کاڵێدا دەسووتێ. ماڵی کاڵێ ڕوو بە ماڵی فەرهادە و فەرهاد هەموو ڕۆژێک دەستێک دەبینێ کە لە پەنجەرەی بەرانبەری گوڵدانی هەنارێک ئاودەدا. کاڵێ هەموو ڕۆژێک دێت و ماڵی فەرهاد خاوێن دەکاتەوە. فەرهاد دەگیرێت. کاتێک فەرهاد لە زیندان دێتە دەر، کاڵێ لەدەست فەقیری و هەژاری و برای قومارباز و نەبوونی هیچ دەرەتانێک خۆی سووتاندووە و نەماوە. فەرهاد دەچێتە نێو دونیای فەرامۆشی. ئەفسانە، کچێکی سادە، کە ڕۆژنامەی سیاسی دەفرۆشت و مێهربان خۆشیویستووە، دواتر کە مێهربان شار بەجێدەهێڵێ ناچار دەبێ مێرد بە ناسری کوڕی دەوڵەمەندی شار بکا، کەچی ئەویش لە بەردەم دادگا تاوانی بۆ هەڵدەپێچێ و ئەفسانەیش بە سەرنوشتی کاڵێ گرفتار دەبێ و ناسریش شێت دەبێ و دواتر کە لە تاران ڕا دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، داوای سیگار لە خەڵکی کوچە و بازاڕ دەکا. نووسەر لە هاتوچۆدایە، لە نێوان باوەڕ بە ژن و کولتوور و هێشتا بەتەواوی باوەڕی بە هێزی ژن بۆ گۆڕانی جیهان نەهێناوە. لەیلا کچێکی شاعیر، کە تازە زانکۆی تەواو کردووە، عاشقی مێهربان دەبێ کە نووسەرێکی چل، پەنجا ساڵەیە و لە هەندەران گەڕاوەتەوە یان باشترە بڵێین کە پێش گەڕانەوەی لەڕێگەی نووسینەکانی خۆشیویستووە. لەیلا کە شیعرەکانی پێشتر پێشکەشی بابی کردووە، ئەم جارە پێشکەشی مێهربانیان دەکا:

"قامووسەکان بدڕێنە
وشە سارد و مردووەکان دەم با بدە،
من جوانترین شیعری بوونت
لە دێرێکدا دەنووسمەوە.
ڕابردوو بسڕەوە و
ڕۆژە تاریکەکانی فەرامۆش کە،
هەمیشەییترین خەونت
لە ساتێکدا دەهێنمە دی." (ل.٥٠)

شایەد "باوەڕکردن بە ژن" ڕێگایەک بێ بۆ نەجاتی جیهانی شێواوی پیاو. بۆیە ڕەوانی بڵاو و هەڵگری لایەنی جیاوازی نووسەر لە گۆشەیەکی تێکستدا باوەڕ بە ژن دێنێ:

"لەیلا (...) تێدەکۆشێ ڕێگەی خۆی لە ڕێگەی خەڵکیتر و زمانی خۆی لە زمانی خەڵکیتر و تەنانەت بۆچوونی خۆی لە بۆچوونی خەڵکیتر جیابکاتەوە." (ل. ٦٧)

بەڵام دیسان، لەیلا وەکو کاڵێ و ئەفسانە چاولەدەستی ڕێنوێنی و ئەشقی پیاو دەمێنێتەوە. لەیلا بە ئەفسووسەوە بە مونیرە، خوشکی فەرهاد، دەڵێ کە مێهربان ژن ناهێنێ. هاوکات نووسەر و مێهربان دەزانن کە بێژەرەی چیرۆکەکانی مێهربان هێندێک جار ڕاستگۆ نییە. مێهربان کە چیرۆکێکی دەربارەی ئەشقی نێوان کچێک و کوڕێکی سیاسی نووسیبوو، گوتبووی کە کچەکە ئامادە نەبووە لە خەباتدا هاوکاری کوڕەکە بێ. بەڵام بێژەر ڕاستگۆ نییە. بۆیە مێهربان دەڵێ:

"ئەو چیرۆکە چیرۆکی کچێک بوو ئەگەرچی ئاشقی دەستگیرانەکەی بوو، بەڵام حازر نەبوو لە خەبات بۆ ڕزگاریدا هاوڕێیی بکا... ئەو گوتبووی 'بێژەری ئەو چیرۆکە ڕاستگۆ نییە'." (ل. ٣٦)

ڕاستە. بێژەری زۆر چیرۆک ڕاستگۆ نین. کچان و ژنانێک کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕێی خۆشەویستانیان ماونەوە تا لە شاخ و زیندان بگەڕێنەوە و یان خۆیشیان کەوتوونەتە زیندان و شاخ، جێگایان بە ناهومێدی و خۆسووتاندن پڕ دەبێتەوە. کوا حاسڵی ڕەنجی ژنی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا؟

شایەد ئەوە کە کچانی باڵندەکانی دەم با سەرنوشتێکی وەها شوومیان تووش دەبێ زۆر دوور نەبێ لە حەقیقەت کە ڕۆژانە دەیان کچ و ژن خۆدەدەنە دەست سەمای ئاگر. کاتێک پیاوانی ئێمە نە لە سیاسەتدا باوەڕیان پێدەکەن و نە ژنی ئێمە لە ئەشقدا ئازادن و نە سیستەم داکۆکی دەکا لە مافەکانی ژن بۆ بڕیاردان لەسەر ژیانی خۆی و منداڵی. شایەد "نەهایی" ڕاستییەکان دێنێتە ناو ڕۆمان و چیرۆکەکانی. بەڵام ئەوە کافی نییە. نووسەر گلەیی لەو تەقدیرە دەکا کە نەسڵێک تووشی بوون:

"لەو وڵاتە چیرۆکی زۆر کەس نەنووسراوە. وا چاکە بڵێم لەم وڵاتە چیرۆکی کەس نەنووسراوە." (ل. ٢٨)

لەو وڵاتەدا ئەگەر چیرۆکی پیاوان و خەمەکانیان خەریکە دەنووسرێتەوە، ئەوە هێشتا چیرۆکی ژنان تەنیا بەشێکی بە دەست ئەو پیاوانە کە تازە خەریکن خۆ لە دەستی نۆرمەکانی پیاوسالار نەجات دەدەن، نووسراوەتەوە. چیرۆکی بە ئاخر خەت گەیشتنی ژنان لەدەست نۆرمی تا ئێستا نەگۆڕاوی دەسەڵاتەکان، بەڵام بەشی زۆری ڕاستییەکانی ژیانی ژن ماوە کە بنووسرێتەوە. لە هەموان گرینگتر ئەوەیە کە ژنانی نەسڵی مێهربان ڕاستگۆیانە هەم دەهاتنە نێو سیاسەت و هەم ئاشق دەبوون، بەڵام لەژێر پەراوێزی پیاواندا دەمانەوە. کێ فرمێسکی ئەو دایک و خوشکانەی کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزانیان بوونی، لە یادە؟ بارامی برای گوتبووی:

"کە تۆ ڕۆشتی باوکم هەموو کتێبەکانی کۆ کردەوە و بۆ شەوێدا لە حەسار، لەسەر یەک هەڵیڕشتن و سووتاندنی." گوتبووی: "ئاگرێکی گەورەیان لێ ساز بوو. جگە لە حەسار، گەڕەکەکەیشی ڕووناک کردبۆوە." بە پێکەنینەوە گوتبووی. بەڵام مونیرەی خوشکی دەیگوت: "من و ڕووناک تا بەرەبەیان بەدیار ئاگرەکەوە دانیشتین و فرمێسکمان هەڵڕشت." (ل. ٨)


ئاخۆ ژنانی ئێمە ئاخر قسەکانی خۆیان کردووە؟ لەیلا سەرکەشە و دەنووسێ. یان بە وتەی نووسەر هەڵچوونێکی ئافرەتانە لە سەرەتای ئازادی و سەربەخۆییدا:

"مار نەبوو کە فریوی دایت سێوە لاسوورە و ئیشتیای گەنم و داری تێگەیشتە هەمووی بەهانە بوون. مار نەبوو کە فریوی دایت من بووم، من بووم ویستم تۆ دابەزیت، من بووم ویستم تاوان بکەیت، تاوان بکەیت و تۆبە بکەیت، تاوان، تۆبە تاوان، تۆبە، حەوا تۆبە لە تاوانەکانی خۆی ناکات." (ل. ٦٩)

ئەوە کە نووسەر "نەهایی" چ دەخوازێ ، ئایا دەخوازێ واقیعەکانی کۆمەڵگە نیشان بدا و یان خۆیشی وەک زۆربەی ئێمە هێشتا لە هەوڵی ڕێیە بۆ خۆدربازکردن لە نۆرمەکانی پیاوسالار، پرسیارێکی ئاوالایە. هەر کەس خوێندنەوەیەکی لەو ڕۆمانە دەتوانێ ببێ. ئەوە کە گرینگە ڕەوانی ئینسان دەقێکە بڵاو و پڕ لە دژایەتی و ناتەبایی. شاعیر/ سابجێکت لە هەموو کەس زیاتر لە نەبوونی ئازادی و ئەشقدا شێواوە و لە گەرمای دایکانە/ ژن دەگەڕێ کە سەرچاوەیەکە بۆ خولقاندن و لە ساتی قەیراندا، شاعیر/ نووسەر و هونەرمەند لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز/ سروشت و سیستم / کولتووردا، خۆ دەبینێتەوە و بەم جۆرە "دیسکۆرسی مێژوویی" دەق لەقاودەدا. شایەد تەنیا ڕۆمانەکان بتوانن مێژووی ٣٠ ساڵی ڕابردوو لەقاوبدەن کە ئینسانەکان چۆن بەدوای ژیانی باشتر گەڕاون، بەڵام بە واتای خۆیان ناچار بوون بۆ گۆڕانی جیهان ژنان لەژێر پێ بنێن کەچی دڵتەنگی بۆ قارەی ژن لە تێکستدا خۆی لەقاودەدا و لەو جێگایەی کە مانا لە دەقدا بێدەنگ دەکرێ و یان قەت نەبووە، مانا دەبەخشێ. دەقی شاعیرانە کە بالقوە هەڵگری جەستەیەکی دایکانە (سێمیۆتیک/ ڕەمزی)یە، بەرامبەری دەکا لەگەڵ زمان/ سیستمی نیشانەیی. هەر بۆیە لەیلا وڵامێک دەدا بە جەلالیی ڕەفیقی مێهربان، بەرپرسی سازمانی میراتی فەرهەنگی کە نیگەرانی لەنێوچوونی میراتی فەرهەنگی و سووتانی قامووسەکانە:"جەلالی گوتی: مرۆڤ بەبێ زمان و بەبێ ڕابوردوو چی هەیە؟ لەیلا گوتی: شیعرێکی کورت و ساتێکی هەتاهەتایی..." (ل. ٧٠)

هەموومان چاوەڕوانی ساتێکی هەتاهەتایین کە لەوێندەرێ لەیلا و ئەفسانە ئیتر چاوەڕوان نین. لەلایەن هیچ کاممان، ئاخر وتەکانی نەهایی هێشتا نەگوتراون.

ناوی ڕۆمان: باڵندەکانی دەم با
نووسەر: عەتا نەهایی






KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:702 5 June 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# هەڕەشە کردن لە چالاکانی مافی مرۆڤ جێگای قبووڵ کردن نیە

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران، داوای کۆتایی هێنانی دەستبەجێی هەوڵە نایاساییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتی کرد.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەک، هەر جۆرە هەوڵێک وەکوو هەڕەشە و تۆقاندنی چالاکانی مافی مرۆڤ و میدیایی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی بە ناڕەوا زانی.

دەقی بەیاننامەکە:

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا وەزارەتی ئیتلاعاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ چالاکانی مافی مرۆڤ و هەروەها چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا، هەڕەشەی لەو چالاکانە کردووە.

ڕۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممە ١٠ و١١ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی، وەزارەتی ئیتلاعات لە پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ بنەماڵەی "مادیح نەزەری" و هاوژینەکەی "شیوا گەنجی" لە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، هەوڵی هەڕەشە و توقاندنی ناوبراوانی داوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا، مەئموورانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات لە پەیوەندی تەلەفۆنیدا هەڕەشەیان لە "مەحموود ساڵحی" و "بێهنام ئیبراهیمزادە" لە چالاکانی ناسراوی کرێکاری کردووە.

هەوڵە نایاساییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە ڕاستای ڕاگرتنی کار و چالاکییە مافی مرۆییەکان، بووەتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ، و ناڕەزایەتی بنەماڵە و لایەنگران و هەروەها چالاکانی دیکەی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆی لێ کەوتووەتەوە.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان هەر جۆرە هەڕەشە و ترساندنی چالاکانی مافی مرۆڤ و میدیایی لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە بە جێگای قبووڵ کردن نازانێت و داواکاری کۆتایی هێنانی دەستبەجێی هەوڵە نایاسایەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتە.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی داکۆکی لە
مافی مرۆڤی کوردستان
پێنجشەممە ١١ی جۆزەردان/ ١ی
ژوئەنی ٢٠١٧

HUMAN RIGHTS ORGANIZATION OF KURDISTAN
RMMK

# محەممەد نەزەری ٢٤ ساڵ زیندانی بە بێ مورەخەسی تێپەڕاند



ئاژانسی کوردپا: یەکێک لە کۆنترین زیندانیانی سیاسیی کوردستان، ماوەی ٢٤ ساڵە لە زینداندایە و هەتا ئێستا ئیزنی سەردانی بنەماڵەکەیان پێ نەداوە.

محەممەد نەزەری، زیندانیی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری "ساین قەڵا"، ڕۆژی ٩ی جۆزەردانی ساڵی ٧٣ی هەتاوی، لە لایەن مەئموورانی ئەمنیەتیی سپای ئەبووزەی شاری بۆکانەوە دەستبەسەر کرا و هەتا ئێستا لە مافی هەرجۆرە مورەخەسییەکی یاسایی بێبەرییە.

ناوبراو یەکێک لە کۆنترین زیندانیانی سیاسی کوردستان و ئێرانە و بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و چالاکیی تەبلیغی بۆ ئەو حیزبانە دەستبەسەر کرا و دادگا بەبێ بوونی پارێزەر و بە سەرۆکایەتی دادوەر "جەلیل زادە"، بەرپرسی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ، ناوبراوی بە ئێعدام مەحکووم کرد.

ئەو هاووڵاتییە سەرئەنجام ساڵی ١٣٧٨ حوکمی لەسێدارەدانەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا و هەتا ئێستا لە زیندانەکانی "ورمێ" و "ڕەجایی شاری" کەرەج، لە دەستبەسەریدایە و لە مافی چوونە مەرەخەسی بێبەرییە.

محەممەد نەزەری، کۆتاییەکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩١ بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە مانەوەی دوو دەیە لە زیندان، لێوەکانی خۆی دووری و هاوکات بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ مانی لە خواردن گرت.

محەممەد نەزەری لە نامەیەکدا بۆ وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەری، داوای کرد بە دۆسیەکەیدا بچنەوە.

هەروەها دۆسیەی قەزایی ئەو زیندانییە چووەتە کۆمیسیۆنی لێبووردنی سەر بە دەزگای دادوەری، کە تاکوو ئێستە وەڵامێکی ڕوون و ڕاستیان پێ نەدراوەتەوە.

ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە، گەلاوێژی ساڵی ٩٤ی هەتاوی لە نامەیەکدا بۆ ئەحمەد شەهید داوای یارمەتیی لە ناوبراو کردبوو.

ڕۆژی سێشەممە سێی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو، دۆزگەری حکوومەتی ئێران لە نامەیەکدا ناڕەزایەتی خۆی لە هەمبەر لێبووردنی ناوبراو دەربڕیبوو.

ئەو زیندانییە سیاسییە وێڕای پشتراست کردنەوەی ئەم هەواڵە بە هەواڵدەریی کوردپای ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەممە ٣ی ڕەشەمە، نامەیەکم لە لایەن دادستانەوە پێگەیشت کە تێدا نووسرابوو، بە هۆی ناڕوونیی شیاو بوونت، ئەم لێبووردنە تۆ ناگرێتەوە.

محەممەد نەزەری ڕایگەیاند: ماوەی چەند مانگ پێش لە نامەیەکدا هەر بەو نێوەرۆکەوە و لە لایەن ئیتلاعاتی شاری "ورمێ"وە، پێم ڕاگەیەندرا کە؛ سەرەڕای ئازاد نەکردنی من لە زیندان، دژایەتی خۆیان سەبارەت بە گواستنەوەی من بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ دەربڕیبوو.

# ئیتلاعات لە کوردستان ئەندامانی پێشووی حیزبە کوردییەکان بانگهێشت دەکات

کوردستان میدیا: وەزارەتی ئیتلاعات لە کوردستان، ئەندامانی پێشووی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ئەو حکوومەتە بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکاتەوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، وەزارەتی ئیتلاعات، بانگهێشت کردنی ئەندامانی پێشووی حیزبە ئۆپوزیسیونەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی دەستپێکردۆتەوە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە کوردستان، ئەندامانی پێشووی حیزبە کوردییەکانی خستووەتە ژێر گوشار، بە شێوەی فەرمی بەڵێننامەی لێ وەرگرتوون کە خۆیان لە هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی بەدوور بگرن.

ئەندامانی پێشووی ئەو حیزبانە لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، پیرانشار و ورمێ، بانگهێشتی ئیدارەکانی ئیتلاعاتی ئەو شارانە کراون.

پێشتریش، ئیدارەی ئیتلاعاتی شارەکانی کامیاران و پاوە ئەندامانی بنەماڵەی چالاکانی سیاسییان بانگهێشت و دەستبەسەریان کردوون.

هێزە ئیتلاعاتییەکان داوا لە کەسوکاری چالاکانی سیاسی دەکەن کە منداڵەکانیان واز لە چالاکیی سیاسی بێنن.

## شنۆ/ سەربازێکی کورد دەستبەسەر کرا

سەربازێکی کورد، خەڵکی شاری شنۆ لە لایەن حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.


چەند ڕۆژ پێش، هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە سپای پاسداران لە شاری شنۆ، سەربازێکی کوردی خەڵکی ئەو شارەیان دەستبەسەر کرد.

شوناسی ئەو سەربازە کوردە بە "تاهیر خۆرشیدی" تەمەن ٢١ ساڵ خەڵکی گەڕەکی "سەیدئاوای" شاری شنۆ ڕاگەیەندراوە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان ئەو سەربازە کوردەیان بە تۆمەتی "سیخوڕی و ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی سپای پاسداران" دەستبەسەر کردووە.

دەوترێ، ئەو سەربازە کوردە لە بەشی کامپیوتێری حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شاری شنۆ کاری کردووە.سەرەڕای بەدواچوونی بنەماڵەی ئەو سەربازە کوردە لە چارەنووسی کوڕەکەیان، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە دانی هەر جۆرە زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانی ئەو سەربازە کوردە خۆیان بواردووە.

# چوار کۆڵبەر لە گەردەنەی تەتەی ناوچەی هەورامان کوژران و بریندار بوون



ئاژانسی کوردپا: تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە ناوچەی هەورامان، کوژرانی کۆڵبەرێک و بریندار بوونی سێ کۆڵبەری دیکەی لێ کەوتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی جۆزەردان، هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەت لە ناوچەی هەورامان تەقەیان لە کۆڵبەرانی کورد کرد.

کۆڵبەرەکان لە نزیک گوندی "دەرکێ" کەوتوونەتە بەر دەستدرێژی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکان.

بەپێی ئەم هەواڵە لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژەدا، کۆڵبەرێک کوژراوە و سێ کۆڵبەری دیکە بریندار بوون.

ئەو کۆڵبەرە کوژراوە خەڵکی گوندی "ولەژێڕی" شاری مەریوانە، بەڵام هەتا ئێستا شوناسی بۆ ئاژانسی کوردپا ڕوون نەبووەتەوە.

ئەو سەرچاوەیە، شوناسی کۆڵبەرە بریندارەکانی بە "تەوفیق مستەفایی" تەمەن ٤٥ ساڵ خەڵکی گوندی "پیلە"ی شاری مەریوان و عەدنان شەهیدی خەڵکی گوندی بندۆڵی مەریوان و هۆشیار سەحرایی خەڵکی گوندی "وەڵێنە"ی ئەو شارە ڕاگەیاندووە.

بەوتەی ئەو سەرچاوەیە، کۆڵبەرە بریندارەکان بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری پاوە کراون.

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی خستەڕوو؛ بەرپرسانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی حکوومەت بە بەرپرسانی نەخۆشخانەی شاری پاوەیان ڕاگەیاندووە کە؛ بە هێچ شێوەیەک نابێت سەبارەت بە دۆخی کۆڵبەرەکان زانیاری بە ڕاگەیەنەکان بدەن.

بەپێی ئاماری کوردپا، ١٥٤ کۆڵبەر لە ساڵی ڕابردوودا لە ڕووداوەکانی تەقەکردن، تەقینەوەی مین، سەرما و ... کوژراو یان بریندار بوونە.

بەهۆی نەبوونی ژێرخانی ئابووری و سەرمایەگوزاریی حکوومی لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، هاووڵاتییانی کورد بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانیان ڕوو لە کۆڵبەری و کاسبی کردنی سەرسنوورەکان دەکەن و زۆر جاریش بەرەوڕووی مەرگ دەبنەوە.

کارناسان و مافپەروەران ڕوانگەیان ئەوەیە کە؛ هەر بەپێی یاسای بەکاربردنی چەک، تەقەی ڕوو لە کۆڵبەران، پێشل کردنی خودی یاساکەیە.